گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/pq9bw973
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 15/02/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 22/05/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# مافە کۆمەڵایەتییەکان لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا

**محمدأمین علی عبدالله[1] - بختیار قاسم عولا[2]**
mihamadamin72@gmail.com - bakhtiar.awla@soc.soran.edu.iq
[1] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
(مافە کۆمەڵایەتییەکان لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا)، وەك ناونیشان بۆ ئەو توێژینەوە زانستییە، لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە یاساکانی بابلی و ئاشوری وەک دو لە کۆنترین و گرنگترین یاساکانی مێژوی مرۆڤایەتی، بایەخی تایبەتیان بە خێزان و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان داوەو، مافی تاکەکانی خێزانیش لە چوارچێوەی یاساکاندا بەشێوەیەك گرنگی پێدراوە، کە دەهێنێ لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بکرێنە بابەتی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی ڕەهەندە جیاجیاکانیان بکرێ.
توێژینەوەکە، تەرخانکراوە بۆ باسی مافە کۆمەڵایەتییەکان لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوری و ڕەنگدانەوەی بەسەر کۆمەڵگاداو، و تیایدا ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم لایەنەی نێو ماددە و برگە یاساییەکان باسیان لێکراوە، و بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی و بۆچونی زانایان و توێژەران شرۆڤەیان بۆ کراوە، و لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامەکانی لە کۆمەڵێک خاڵدا خروانەتەڕو.
بە گشتی توێژینەوەکە جگە لەو پوختەیە بەهەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان و گرنگترین ئەنجامەکان، لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکخراون:
١- پوختەیەک لە مێژوی یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوری.
٢- مافەکانی تاک؛ ژن، منداڵ، پیاو و کۆیلە لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا.
٣- مافەکانی خێزان و کۆمەڵ لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا
**کلیلە وشە:** یاسا، ماف، کۆیلە، خێزان، شارستانیەت.

# Social Rights in the Babylonian and Assyrian recorded Laws

[1]**Muhammad Amin Ali** - [2]**Bakhtiar Qasem Awla**

[1]Department of History, College of Social science, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of social science, Faculty of Education, University of Soran, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The title" Social Rights in the Babylonian and Assyrian recorded Laws" as the title of this scientific research, stems from the fact that the Babylonian and Assyrian laws, as two of the oldest and most important laws in human history after the Sumerian laws and reforms, paid attention to the family and the setting up of social relations, and attention was also given to human rights. Family members and society are within the framework of these laws in a way, which makes them worthy of their various angles being the subject of research and their various dimensions worthy of interpretation.

The research was devoted to the social rights in Babylonian and Assyrian laws and their impact on society, and the social dimensions of this aspect were presented in its content depending on a group of scientific sources and the opinions of scholars.

In addition to the summary in Kurdish, Arabic, and English, the list of sources, and the most important results, this study consists of three main topics as follows:

1. A summary of the history of Babylonian and Assyrian recorded laws.
2. Individual rights; Women, children, men, and slaves in Babylonian and Assyrian recorded laws.
3. Family and community rights in Babylonian and Assyrian recorded laws.

**Keywords:** Law, Rights, Slave, Family, Civilization.

**پێشەکی**

یاسای بابلی و ئاشوری گرنگی و بایەخی زۆریان بە ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی خێزان داوە، ماف و ئەرکەکانی تاک و کۆمەڵ وەک ڕەهەندێکی پڕ بایەخی کۆمەڵایەتی، لەنێو چەندین مادده و برگەی یاسایی ئاماژەیان بۆکراوە، کە لەم توێژینەوەیدا، لەژێر ناونیشانی (مافە کۆمەڵایەتییەکان لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوریدا) ئەنجامدراوە، تیشکیان خراوەتەسەر و شیکردنەوە و شرۆڤە بۆ ناوەڕۆکی بەشێک لە یاساکانی پەیوەست بەم لایەنە کراوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** چەند میتۆدێکی جۆراوجۆری مێژویی لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوکراوە بەتایبەتی میتۆدی وەسفی و کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و گواستنەوەی زانیارییەکان و شیکارکردنەوەیان بە ئەندازەی تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی بابەتەکە بەکارهاتوە، و بۆچونی خۆمان تیایدا خستۆتەڕو.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستن و ڕونکردنەوەی مافە کۆمەڵایەتییەکانە لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوری، و گرنگی توێژینەوە لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی لە دۆزی مافە کۆمەڵایەتییەکان، لەوەدایە کە سیمایەکی جیاوازتری سەردەمێکی مێژویی لە ژیار و فەرهەنگی بابلی و ئاشورییەکان دیاردەخات، کە بەراورد بە لایەنی سیاسی، ئەم لایەنە کەمتر کەوتۆتە بەر هەوڵی توێژەران، لەبەر ئەوە لێکۆلینەوە لەم بابەتە بە پێویست زانراوە.

### ١. چەمکی یاسا، و تیشکێک بۆ مێژوی یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوری

چەمکی'یاسا Law'،لە زمانی عەرەبیدا بە قانون گوزارشی لێکراوە، وەک چەمکێکی پڕبایەخ لەڕوی زمانەوانیەوە و بەپێی بۆچونی بەشێک لە توێژەران، وا باسکراوە کە وشەی قانون لەبنەڕەتدا عەرەبییە و لەوشەی (قنن، قن)هوە هاتوە کە بەواتای (بە دواداگەڕان و لێوردبونەوە و هەبونی بەرچاوڕونی لە کاروبارەکان و زانینی پێوەری شتەکان) دێت (الفیروزآبادی، ١٩٩٨: 1225-١٢٢٦؛ و مبارک، ٢٠١٧: 7)، و هەندێکی تر بۆچونیان وایە وشەی قانون لە بنەڕەتدا لاتینییە و لەوشەی (Canon) وەرگیراوە، کە بەواتای بنچینە یاخود ڕێکخستن هاتوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ڕیشە و مێژوی بەکارهێنانی ئەم چەمکە کۆمەڵێک بۆچونی تری جیاواز هەن کە توێژەران، بۆ هەریەک لە زمانەکانی (عیبری، سریانی، و فارسی) دەیگێڕنەوە (البکری و البشیر، ٢٠٢١: ١٥؛ و مبارک، ٢٠١٧: 8).

لەڕوی زاراوەییەوە، یاسا بە دو واتای (تایبەتی و گشتی) هاتوە، واتا تایبەتییەکەی بریتییە لە کۆمەڵە ڕێسایەکی یاسایی، کە دەسەڵاتی تایبەت بەیاسادانان لە دەوڵەتێک دایدەنێت بۆ ڕێکخستنی کارێکی دیاریکراو، و واتای گشتی بۆ یاسا بریتیە لەوەی کە کۆمەڵە ڕێسایەکی یاساییە، کە لە کۆمەڵگەیەکدا ڕەچاودەکرێت و بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەو کۆمەڵگەیە دانراوە، پیویستە لەسەر خەڵکی ملکەچی بن، ئەگەرنا دوچاری سزای ماددی دەبنەوە، کە لە لایەن دەسەڵاتی گشتییەوە دەسەپێندرێت (البکری و البشیر، ٢٠٢١: ١٧).

یەکێک لە گرنگترین ڕواڵەتە شارستانییەکانی وڵاتی دو ڕوبار (عێراقی کۆن) بریتییە لە یاسا و ڕێساکانی، کە بە کۆنترین یاسای مێژوی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێن و تاوەکو ئێستا هیچ کۆمەڵە یاسایەک لە بەردەست دانییە، کە لەڕوی مێژوییەوە لەوان کۆنتر بن،[i] لەگەڵ ئەوەی کە هەندێک ئاماژە وماددەی یاسایی لە (تێکستە میسرییەکان)[ii]دا هاتوە کە واتای بونی یاسایەکی پەیڕەوکراو دەگەیێنن، بەڵام لە شێوەی کۆمەڵە یاسایەکی ڕێکخراو بەدەست نەگەیشتون (سلیم،٢٠١١: ٢٣٧).

مێژوی ئەم ڕواڵەتە شارستانییە بۆ زیاتر لە چوار هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە و بە یەکەمین و کۆنترین هەوڵی مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا دادەنرێ، کە بەشێوەی کۆمەڵە یاسایەکی ڕێکخراو، لە شارستانیەتی وڵاتی دو ڕوباردا سەریهەڵداوە (باقر، ١٩٧٦: ١٠٥).

یاسا لە ڕوی سەرهەڵدان و پەرەسەندن و شێواز و بنەماکانی سێ شێوە لەخۆدەگرێ، ئەوانیش: (سروش/ فەرمانی خودایی، نەریت، و یاسا نوسراوەکان)ە.[iii]

بەرلە یاسای بابلی و ئاشوری، چەندین یاسای نوسراو هەبون ئەوانیش؛ چاکسازییەکانی (ئورکاجینا ٢٣٧٨Urukagina. ٢٣٧٠ پ.ز)،[iv] و هەریەک لە یاساکانی (ئور نەمو Ur-Nammu ٢١٢٠ ـ ٢٠٩٥ پ.ز)، (لبت عشتارLipit Istar ١٩٣٤ ـ ١٩٢٤پ. ز) و یاسای شانشینی (ئێشنونا Eshnuna)، بەشێوەیەکی گشتی یاساکان پەیوەستن بە کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی خاوەندارییەتی زەوی، کشتوکاڵ، باج، کۆیلە، گرنگیدان بە خێزان، و چەسپاندنی مافی کەسیەتی (Gadd, 2008: 141; Kramer, 1969: 159).[v]

لە وڵاتی (بابل Babylonia)[vi]و وڵاتی (ئاشور Assyria)[vii]کۆمەڵە یاسایەک،[viii] بەدەست گەیشتون کە گرنگی و بایەخی زۆریان هەیە، و بەپێی گرنگیان باسیان لێوە دەکرێ.

یاسای حامورابی Hammurabi ١٧٩٢ـ١٧٥٠پ.ز)،[ix] کە بەخەتی مێخی و بەزمانی بابلی تۆمارکراوە و بوارەکانی سیاسی، کارگێری، ئابوری و کۆمەلایەتی لەخۆی گرتوە، دەقی مادده و بڕگە یاساییەکانی حامورابی لە لایەن چەندین زاناو توێژەرەوە کاری وەرگێڕان و شیکردنەوەیان بۆ کراوە، لەوانە (A. Deirmel و V. Scheil) لە ساڵی (١٩٣٠)، (Wilhelm, E.) لەساڵی (١٩٣١) لە دوای ئەوانیش (John, C. Miles و G. R. Driver) لەساڵی (١٩٥٢) (Meek, 1969 a: 164)، ستونی یاساکانی لەسێ بەش پێکهاتوە، کە بریتین لە پێشەکیەک و (٢٨٢) ماددەی یاسایی و کۆتاییەکەشی بە دەرفەتپێدان بە کەسی ستەملێکراو بۆ سکاڵاکەی لە بەردەم یاساکە هاتوە، لەگەڵ ئەوەی کە یاساکانی حامورابی بەچەندین ساڵ دوای یاساکانی پێش خۆی هاتوە، بەڵام لە هەمویان گرنگترو گشتگیرترن (الخفاجی، 2013: ٢٨٩، ٢٩١). مادده و بڕگە یاساییەکان لە بارەی دادوەری، ئاسایش، مافی جەنگاوەران و بەرپرسیارێتیان، گرێبەستە کشتوکاڵییەکان، مەرجەکانی قەرز، باری کەسێتی وەک نەریتی هاوسەرگیری و جیابونەوە، میرات، سزادان و قەرەبوکردنەوە و ... هتد، لەخۆدەگرن (سلیمان، ١٩٧٧: ٢٢٦ـ٢٢٧).

بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیانی کۆمەڵگا یاساکانی حامورابی زۆر گرنگ و پێشکەوتو بونە، توێژەران بۆچونیان وایە کە بۆ یاساکان، حامورابی سودی لە یاساکانی پێش خۆی و نەریتی باوی کۆمەڵگە بینیوە، تەنانەت یاساکانی کاریگەریشیان لەسەر قۆناغەکانی دواتریش هەبوە (Postgate, 1994: 275; Roth, 1995: 71).

لە وڵاتی بابل، کۆمەڵە ماددەیەکی تری یاسایی لەسەر تابلێتێک دەرکەوتون، کە پێدەچێت بۆ سەردەمی کاشیەکان بە تایبەتی ماوەی ساڵانی (١٤٦٥ـ ١١٧٦ پ.ز) بگەڕێتەوە، بەڵام تابلێتەکە زۆر تێکچوە و تەنها (٨ ـ ٩ ماددەی یاسایی) لێی دەخوێندرێنەوە، بەشێوەیەکی گشتی ماددەکانی یاساکە زیاتر لایەنی ئابوری لەخۆدەگرن (Driver, and Miles, 1960: 319- 322).

جگە لە یاساکانی سەردەمی بابلی کۆن، لە وڵاتی بابل کۆمەڵە یاسایەکیتریش دۆزراونەتەوە، کە لەسەر پارچە خشتێک تۆمارکراون و لە مۆزەخانەی بەریتانیا هەڵگیراوە، دوای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بەتایبەتی لە شێوەی ڕێنوس و وشەسازی و ناوەڕۆکی یاساکە، دەرکەوت کە بۆ سەردەمی بابلی نوێ ٦٢٧ـ ٥٣٩ پ.ز) دەگەڕێتەوە، چەندین زانا و توێژەر کاری وەرگێڕان و شیکردنەوەیان بۆ تابلێتەکە کردوە وەک: (F. Peiser) لە ساڵی (١٨٨٩)، ( B. Meissner, Tafel, V.) و (E. Ebeling) لە ساڵی (١٩١٨). (Meek, 1969 a: 197) بەشێکی تابلیتەکە تێکچوە و پێدەچێ

کۆپیەکی ڕەسەنی پێش خۆی بو بێتن و تەنها پانزە مادده لە یاساکەدا پارێزراون (Roth, 1995 b: 143)، لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێ مادده و بڕگەکانی یاساکە بەپێی کات وسەردەم بۆ دو کۆمەڵە یاسا دابەشبکرێن:

**کۆمەڵەی یەکەم:** کە مادده و بڕگەکانی پەیوەستن بە بابەتەکانی وەک؛ کشتوکاڵ، کرێ، قەرەبوکردنەوەی زیان پێگەیاندنی کێڵگە و بەرهەم، کە ماددەکانی (١ـ٧) لەخۆیدەگرێ.

**کۆمەڵەی دوەم:** یش پەیوەستە بە (یاسای باری کەسێتی) کە ماددەکانی (٨ ـ ١٥) لەخۆیدەگرێ (سلیمان، ١٩٧٧: ٢٩٥ـ ٢٩٩). یاساکانی وڵاتی بابل، بەتایبەتی یاسای حامورابی، بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوان زۆر گرنگ و پێویست بونە.

لە وڵاتی ئاشوریدا کۆمەڵە یاسایەک دۆزراونەتەوە کە لەلایەن یاساناسانەوە گرنگیان پێدراوە، و دەکرێ بەپێی کات و سەردەم بۆ دو کۆمەڵە یاسا دابەشبکرێن:

**کۆمەڵەی یەکەم:** یاساکانی سەردەمی (ئاشوری کۆن/ دەوروبەری ٢٠٠٠ـ ١٥٢١ پ.ز)، کە بەشێکی زۆری مادده و بڕگەکانی پەیوەستن بە کاروباری بازرگانی، ئەو کۆمەڵە یاسایە پەیوەستن بە هەرێمێک لە ئاسیای بچوک، لە ناوەڕاستی ئەنادۆل لەو ناوچەیەی کە بە (کول تەپە)[x]ناسراوە، و لەلایەن ئاشورییەکانەوە دەستی بەسەرداگیرابو و بەنشینگەیەکی گرنگی بازرگانی لەقەڵەمدراوە (Veenhof, 2007: 431). یاساکە پەیوەندی بەسیستەمی دادگا و شێوازی دادگایکردن بەتایبەتی لە بواری بازرگانی لەخۆدەگرێ (باقر، ١٩٥٥: ٢٩٩).

**کۆمەڵەی دوەم:** یاساکانی سەردەمی (ئاشوری ناوەڕاست/ دەوروبەری١٥٢١ـ ٩١١ پ.ز)[xi] کە لەسەر چەندین تابلێت تۆمارکراون و لە ساڵانی (١٩٠٣ـ ١٩١٤) لەلایەن لێژنەیەکی شوێنەواری ئەلمانی و لە ئەنجامی کنە و پشکنین لە شاری (ئاشور)دا دۆزراونەتەوە، پاشان چەندین زانا و توێژەر کاری وەرگێران و شیکردنەوەیان بۆ کردوە وەک:

(E.Weiner, G. Driver, J. Smith, J. Miles, T., Roth, D. Luckenbil (Meek, 1969 b: 180).

یاساکانی سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست نزیکەی (١١٦ مادده)ی یاسایی لەخۆیدەگرن، کە بەم شێوەیە دابەشکراون: ماددەکانی کۆمەڵەی یەکەم (A/ ٥٩ مادده)، و کۆمەڵەی دوەم (B/٢٠ مادده)، و هەریەک لە تابلۆکانی (C ـG/ ١١ مادده)، تابلۆی (E/٤ مادده)، (F/ ٢ مادده)، (K/ ٣ مادده)، (L/ ٥ مادده)، (M/ ٣ مادده) و (N/ ٢ مادده) پێکهاتون .(Meek, 1969 b: 180–188)

بەشێوەیەکی گشتی یاسای بابلی و ئاشوری مێژویەکی دێرینیان هەیە و هەریەکەیان بۆ کات و سەردەمێکی دیاریکراو، گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەبوە، و لە نێو مادده وبڕگە یاساییەکاندا چەندین لایەن بەتایبەتی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، بایەخی تایبەتیان پێدراوە.

## ٢. مافە کۆمەڵایەتییەکان لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوری

### دەستپێك:

تاکەکانی کۆمەڵگا کۆمەڵێک ماف و ئەرکی دیاریکراویان هەیە کە لە چوارچێوەی یاساکاندا خراونەتەڕو، لە کۆمەڵگای شارستانیدا تاک ڕۆڵ و کاریگەری زۆری بەسەر ئاسایش و گەشەسەندنی بنەما شارستانییەکانی کۆمەڵدا هەیە، لە سۆنگەی پێناسەکانی توێژەرانی کۆمەڵناس (روس R. J. Roos، مارسیون S. Marcion ، جێنسن S. Jensen) تاکەکەس ئامراز و ئامانجی ئاسایشەو ئاسایشی کۆمەڵگاش لە ئاسایشی تاکە کەسانەوەیە، کەواتە سەقامگیری کۆمەڵایەتی گرنگە، کە بەواتای بەردەوامبونی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان لە کۆمەڵگایەکی خۆجێی (Localy) یان گەورە دێت (غیث، ١٩٨٩: ٤٦٩). کەواتە ئاسایش و گەشەی کۆمەڵایەتی بەندە بە دیاریکردنی ماف وئەرکە

کۆمەڵایەتییەکانی تاک و خیزان، لەبەرئەوە بەپێویست زانراوە لە چەند تەوەرەیەکدا مافەکانی (تاک و خیزان) لە کۆمەڵگەی بابلی و ئاشوری لە چوارچێوەی یاساکان و ڕەنگدانەوەی لە کۆمەڵگادا، بکرێنە بابەتی باسکردن و شرۆڤەیان بۆ بکرێت.

**٢. ١. مافەکانی تاک؛ (ژن، منداڵ، پیاو و کۆیلە) لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوری**

ماف بریتیە لە توانا یان دەسەڵاتی ویست، کە یاسا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بە کەسێکی ئەدات و پارێزگاری لێدەکات، ڕەگەزی بنچینەیی لە ماف بریتییە لە ویستی تاک و پێویستی ئەم ویستە بۆ چوارچێوەیەک، کە بە ئازادی خۆی ڕۆڵی تێدا ببینێت، ئەمەش لە ئەنجامی گەشەکردنی ئەرکی یاسایی تاکە کەسە، کە بریتییە لە گونجاندنی لە نێوان ویستە تاکە کەسییەکاندا (البكري والبشير، ٢٠٢١: ٢٧٦؛ سبيلا و عبدالعالي، ٢٠٠٤: ١٢، ١٦)، کەواتە ناوەڕۆکی ماف، بریتیە لە توانای ویستی خاوەن ماف لە چوارچێوەیەکی یاساییدا.

یاسای شارستانی عێراقی لە (مادده وبڕگەی ٩٦/ ١) پێناسەی مافی تاک/ کەسی دەکات بەوەی؛ پەیوەندیەکی یاساییە لە نێوان دو کەس خاوەن قەرز و قەرزار، بەپێی ئەوە خاوەن قەرز داوا لە قەرزار دەکات مافێکی ماڵینە بگوازێتەوە، یان کاریک ئەنجام بدات یاخود پشتگیری و پابەندی بکات بە کارێک، هەروەها توێژەرانی بواری یاسایی بۆچونیان وایە کە؛ مافی تاک بریتیە لە دەسەڵاتی ویستی تاک لە ئەنجامدانی هەمو ئەوەی هاوکارە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانەی سیستەمی یاسایی دەستەبەری دەکات (البكري والبشير، ٢٠٢١: ٣٣١)، کەواتە ئەرکی سەرەکی یاساکان دیاریکردنی ماف وئەرکی تاکەکانە، بەڵام تاکی کۆمەڵگا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی خێزان وکۆمەڵ لەخۆدەگرێ، لەبەر ئەمە لێرەدا بەپێی پێگە و بایەخ، مافەکانیان لە چوارچێوەی یاساکان، لە چەندین تەوەرەدا دەبنە بابەتی باسکردن.

**٢.١.١. مافی ژن**

بەپێی بەڵگەنامەکانی سەردەمی بابلی و ئاشوری، ژنان بەتایبەتی ژنی بە مێرد، کۆمەڵێک مافی دیاریکراوی هەبوە، ژن خاوەن پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆی بوەو دەیتوانی لە دادگاکاندا ببێتە گەواهیدەر، و خاوەن چەندین کاری فەرمی وەک نوسەری بوە (Oppenheim, 1977: 77)، و پیشەی کاهین، و بازرگانی دەکرد (دیاکونوف، ٢٠١٤: ١٨٠).

لە کۆمەڵگای بابلی و ئاشوریدا، ژن وەک ئەندامێکی سەرەکی لە پێکهاتەی خێزان، لە چوارچێوەی یاسادا مافەکانی دەستەبەربون (Bradley, 2003: 45)، ژنان داوای مافەکانیان لە گرێبەستی مارەبڕیندا کردوە، ئەمەش لە چەندین مادده و بڕگەی یاساییدا جێگیر کراوە، هاوسەرگیری لەرێگەی گرێبەستێکەوە بو، کە بریتیبو لە واژوکردنی پەیماننامەیەک تیایدا مێرد مافەکانی ژن دەستنیشان دەکات، و ئەو بڕە پارە و کەلوپەلانەش دیاریدەکران کە هەردولا لەسەری ڕێکدەکەوتن بۆ نمونە:

(تیرخاتو Tirḫatu) کە بە واتای دیاری ڕۆژی هاوسەرگیری لەلایەن پیاو بۆ کچەکە هاتوە ، (Gelb, and Others, 1998: 12) هەروەها بەواتای مارەییش هاتوە (Johns, 2009: 63)، و وەک نرخی بوک سەیر کراوە، و پێویست بو کوڕەکە یاخود خێزانی باوکی زاوا، وەک مارەیی[xii] بڕێک پارە و دیاری بیداتە کچەکە (العلوجي، ٢٠١٣: ١٤٥)، چەمکی تیرخاتو لەنێو مادده یاساییەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بۆ نمونە؛ لە (یاسای حامورابی، م. ١٥٩)دا هاتوە:

**" ئەگەر کوڕێک کچێک دیاری بکات بۆ خوازیینی و لە گریبەستێکدا مارەیی و دیاری بەماڵە باوکی بوکێ بەخشی و دواتر حەزی لە ئافرەتێکی تر کرد بۆ خواستن، ئەوا هەرچی بەخشیوە وەرناگرێتەوە و باوکی کچەکە دەستبەسەرداگرتنی یاسایی بەسەر هەر شتێکدا هەیە کە هێنرا بوبێت"** (Meek, 1969: c 173).[xiii]

بەپێی ناوەڕۆکی ئەم ماددەی یاسایە، لە ئەگەری پەشیمانبونەوەی کوڕ یاخود زاوا ئەوا هەرچی بەخشێوە لە مارەیی و دیارییەکان وەریناگرێتەوە ئەمەش ئاماژەیە بۆ پاراستنی مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژن لە چوارچێوەی یاسا، هاوکات لەم بارودۆخەدا کچەکە سەربەست و مافی دوبارە شوکردنەوەی هەبوە (إسماعيل، ٢٠٠٨: ٢٠٨).

(شێرێکتو šerektu) لەلایەن باوک (لە ئەگەری نەمانی باوک، ئەوا لە لایەن براگەورە)ی کچەکە بڕێک لە پارە یاخود سامان بە کچەکە دەدرا، و لای مێردی هەڵدەگیرا و دەیتوانی لێی سودمەند بێت، بەڵام موڵکی ژنەکە بوە و لە ئەگەری مردنی (ژن) ئەوا سامانەکە دەگەڕێندرایەوە بۆ ماڵی باوانی ژنەکە (الناهی، ١٩٤٩: ٤٣)، هاوکات زاواش بۆی نەبو ڕێگری لە گێڕانەوەی سامانەکە بکات، ئەمەش لە (یاسای حامورابی م. ١٦٣)دا هاتوە:

**"ئەگەر ژنێک پێش ئەوەی منداڵ بۆ پیاوەکەی بخاتەوە چوە چارەنوس (گیانی لە دەستدا) ئەوا هەرچییەکی لەگەڵ خۆیدا لە ماڵە باوکی هێناویەتی دەبێتە موڵکی باوکی کێژێ و زاواش بۆی نییە ڕێگری لە گێڕانەوەی بکات."**
.(Harper, 1904: 57)

بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی ئەم ماددە یاساییە، ئەوە ڕوندەبێتەوە کە لە ئەگەری بونی منداڵ، ئەوا سامانی دایک (شێرێکتو) ناگەڕێندرێتەوە بۆ ماڵی باوانی ژنەکە، ئەمەش بۆ پاراستنی مافی منداڵە، کە لە شوێنی خۆیدا زیاتر باسی لێوەدەکرێ.

(بیبلام biblam) ئەمەش بەواتای دیاری ڕۆژی نیشانکردن یاخود دەستگیرانی هاتوە، کە بریتی بو لە بڕێک پارە یاخود سامان کە لە لایەن باوکی زاوا بە مەبەستی خەرجییەکانی مەراسیمی ڕۆژی نیشانکردن (الخطوبة)، بەباوکی کچەکە دەدرا (قاشا، ١٩٨٤: ٨٢؛ الهاشمی، ١٩٨٥: ٩٣)، لە ناوەڕۆکی (یاسای ئاشوری ناوەڕاست، تابلێتی/A) ئاماژە بە چەند جۆرێک لە دیاری وەک؛ کەلوپەلی جوانکاری، زیو، مس، بەردی گرانبەها، دانەوێلە و سەر ئاژەڵی کردوە (الهاشمی، ١٩٧١: ٧٦- ٧٧)، هەروەها لە یاسای (حامورابی، م. ١٥٩ـ ١٦١) ئاماژە بەم بابەتە کراوە، بۆ نمونە؛ لە (یاسای حامورابی، م. ١٦٠)دا هاتوە:

**"دوای ئەوەی کە پیاوێک دیاری دەستگیرانی بۆ ماڵی خەزوری هێنا ونرخی هاوسەرگیری دابێت، لە ئەگەری پەشیمانبونەوەی باوکی کچەکە پێویستە هەرچی وەریگرتوە دوهێندەی بۆ بگێڕێتەوە "** (Meek, 1969 c: 173).

(نودوننو Nudunnu)یش دیاری مێرد بو بۆ ژنەکەی (Parpola, and others, 2007: 70), وەک؛ خانو، باخچە، و هەرجۆرە موڵکێکی تر و هەندێ جاریش چەند جۆرێک لە سەرئاژەڵ ... و هتد، کە تەنها موڵک و مافی ژنەکە بو کە بە ویستی خۆی بەکاری بێنێت (Johns, 2009: 80, 130), ئەم جۆرە دیارییەش (نودونو) لەنێو ماددە و بڕگەی یاساکاندا هاتوە، بۆ نمونە؛ لە (یاسای حامورابی م. ١٥٠)دا هاتوە:

**"ئەگەر هاتو پیاوێک لەگەل پێشکەشکردنی کێڵگە، باخچە، خانو، یان کاڵا بۆ ژنەکەی بەڵگەنامەیەکی یاسایی مۆرکراوی لەگەلدا بەجێهیشتوە، ئەوا هیچ منالێک بۆی نییە داوای ئەو سامانە و دابەشکردنی لە دایکی بکات، پاش مردنی باوکی، بەڵکو دایکەکە سەرپشک دەبێت لەوەی چۆنی بەکاردێنێت، تەنانەت دەتوانێت بەکوڕێکی خۆیشی ببەخشێ، بەڵام بۆی نییە بیداتە کەسێکی بێگانەی دەرەوەی خێزانەکەی."** (Roth, 1995: 111).

هاوکات ناوەڕۆکی ئەم ماددە یاساییە، ڕێگری لەو منداڵانە دەکات کە دوای مردنی باوکیان، بیانەوێ دەست بەسەر کەلوپەل و دیارییەکاندا بگرن، ئەمەش بەڵگەی ئەوە دەخاتەڕو کە گرفتی لەم جۆرە لە کۆمەڵگای بابلیدا هەبوە، و پێویست بوە لە ڕیگای یاساییەوە چارەسەر بکرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەنێو کۆمەڵگادا هەبوە، ئەمەش بەڵگەی

ئەوە دەخاتەڕو کە گرفتی لەم جۆرە لە کۆمەڵگای بابلیدا هەبوە، و پێویست بوە لە ڕێگای یاساییەوە چارەسەر و مافی دایک تیایدا پارێزراو بێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەنێو کۆمەڵگادا هەبوە.

لە کۆمەڵگای بابلیدا ئەنجامدان و هەبونی گرێبەستی هاوسەرگیری مەرجی سەرەکی دروستبونی خێزان بوە، هەروەک لە یاسای (حامورابی م. ١٢٨)دا هاتوە:

"ئەگەر پیاوێک ژنێکی هێنا و کردی بە هاوسەری خۆی و هیچ گرێبەستێکی مارەبرینی بۆی ئەنجام نەدا، ئەوا بە ژنی لە قەڵەم نادرێ." (Johns, 2009: 60).

ئەمە بەڵگەیەکی ڕونە بۆ ئازادی و ماف و ڕێزگرتن لە هەستەکانی ژن، بەڵام لە کۆمەڵگای ئاشوری ولە هەندێ بارودۆخدا، هاوسەرگیری بەبێ گرێبەستیش ئەنجام دراوە، هەروەک لە یاسای (ئاشوری ناوەڕاست م. ٣٤/ تابلێتی A)دا هاتوە:

**"ئەگەر پیاوێک بێوەژنێکی هێنا بەبێ ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵیدا ببەستێت، و دو ساڵ لەگەڵیدا ژیا ئەوا دەبێتە هاوسەری."**(Driver, Miles, and Meek, 1975: 9).

لەسەر ناوەڕۆکی ئەو مادده یاساییە، توێژەران (درایڤر و مایلز) بۆچونیان وایە کە دوای تێپەڕبونی ئەو ماوەیە بەسەر ژیانی نێوانیان، لەوانەیە ئەو ژنە نەڕوات و لە چوارچێوەی ژیانی هاوسەریدا دامەزراو بێت Driver, Miles, and Meek, 1975: 9).

بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە لە کۆمەڵگای ئاشوریدا هیچ جۆرە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی بۆ هاوسەرگیری ئەنجام نەدراوە، بەڵکو کۆمەڵێک بابەتی وەک؛ دیاری دەستگیرانی، خشل و کەلوپەلی پێشکەشکراو بە ژن، هەروەها شێوازەکانی دابەشکردن و گەڕاندنەوەیان لەهەندێ بارودۆخدا باسیان لێوەکراوە (ساکز، ٢٠١١: ١٩٨)، هەروەک لە (یاسای ئاشوری ناوەڕاست م. ٢٦، ٢٧، ٤٢، ٤٣)[xiv] وردەکارییەکانی خراونەتەڕو، بۆ نمونە لە (ماددەی ٢٦)دا هاتوە:

**"ئەگەر ژنێک هێشتا لە ماڵی باوکیدا بژی، بەڵام مێردەکەی مرد، ئەگەر مێردەکەی کوڕی هەبو، هەر جۆرە خشڵێک کە مێردەکەی پێی بەخشی بێت دەیبەن، بەڵام ئەگەر کوڕی نەبوایە ئەوا ژنەکە خشڵەکان بۆ خۆی هەڵدەگرێتەوە."**(Driver, Miles, and Meek, 1975: 7).

ئەم مادده یاساییە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ڕاستەقینەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هاوکات بۆ نەهێشتنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بوە لەنێو ئەندامانی خێزان، بەتایبەتی کوڕەکان لەگەڵ باوەژن دوای کۆچی دوایی باوکیان، بەوەی کە یاساکە چارەسەی گرفتی سەرئەنجامی خشڵ و دیارییەکانی خستۆتەڕو، هاوکات ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە ئەمەش دەخاتەڕو، کە لە کاتی گرێبەستی مارەبڕین و لەنێو کەلوپەل و دیارییەکاندا چەندین جۆری خشل وەک جوانکاری بۆ ژنان، بەتایبەتی هەریەک لە مادده گرانبەهاکانی وەک؛ زێڕ، زیو و چەندین جۆر لە بەردە گرانبەهاکان دروستکراون و پێشکەشکراون (لیمی، ٢٠١٤: ٢٢٩، ٢٣٣)، بەشێوەیەکی گشتی ئەمانە نیشانەی گەورەیی و پاراستنی شکۆمەندی خێزان و گرنگی پێدان و پاراستنی بەهاو مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژنە، بەتایبەتی لە قۆناغی هاوسەرییەتی و لە چوارچێوەی خێزاندا. هەروەها لە (یاسای ئاشوری ناوەڕاست م. ٤٢)دا هاتوە:

**"ئەگەر پیاوێک لە ڕۆژێکی پیرۆزدا ڕۆنی بەسەر سەری کچێکی خاوەن پێگەدا ڕشتبێت یان لە جەژنێکدا دیاری دەستگیرانی هێنابێت، ئەوا دیارییەکان ناگەڕێنەوە."**(Jastrow, 1921: 39).

ئەمەش بەڵگەیەکی تری یاساییە، کە لە کۆمەڵگای ئاشوریدا گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ هاوسەرگیری ئەنجام دراوەو کۆمەڵێک دیاری پێشکەش بە دەستگیران کراوە.

بەپێی ناوەڕۆکی (یاسای حامورابی م. ٢٩)، لە ئەگەری بەدیل گرتن یاخود ونبونی مێرد، وەک سەرباز لە جەنگ و هەڵمەتی پاشادا بۆ دەرەوەی سنور، و نەبونی کوڕی گەورە، ژن دەیتوانی کاروباری سامان و داهاتی هاوسەرەکەی بەڕێوەببات و سەرپەرشتی موڵکەکانی بکات و مافی لە سێیەکی داهاتی مێردەکەی هەبوە (Meek, 1969 c: 167), هەروەها دوای نەمانی خۆراکی پێویست لە ماڵەوە، بەپێی یاسا (حامورابی م. ١٣٣- ١٣٥) ژنەکەی سەربەست بوە کە شو بە پیاوێکی تر بکاتەوە ولای بمێنێتەوە، و لە ئەگەری گەڕانەوەی مێردە کۆنەکەی، ئەوا مافی گەڕاندنەوەی ژنەکەی هەبو (إبراهيم و محمود، ٢٠١١: ١٦٠; Abulhab, 2017: 44).

بەڵام بەپێی یاسای ئاشوری ناوەراست، ژن پێوست بو لەسەری کە ماوەی دو ساڵ بە دڵسۆزی چاوەڕێی هاوسەرەکەی بکات، و دوای ئەو ماوەیە ئەگەر مێردی نەگەڕایەوە ئەو ژنە مافی شوکردنەوەی هەیە بە ویستی خۆی، ئەمەش لە (م. ٤٥ تابلۆی/ A) ی یاساکەدا ئاماژەی بۆ کراوە (Meek, 1969 b: 191).

ژن مافی ئەوەشی هەبو کە لەنێو کۆشکدا پیگەی بەرزی هەبێت، بۆ نمونە (شەکینتوŠakintu)، کە نازناوی فەرمانبەرێکی فەرمی دەرباری (حریم)ی کۆشکی ئاشوری بوە، و گرنگترین پێگە و دەسەڵاتی لە بەڕێوەبردن وسەرپەرشتیکردنی کاروباری بەڕێوەبردنی لایەنی خزمەتگوزاری و چاودێریکردن لەنێو کۆشکی پاشاییدا هەبوە (Dalley, and Postage, 1984: 9).

بەپێی ناوەڕۆکی چەندین بەڵگەنامەی یاسایی لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا ژنان وەک لایەنی سەربەخۆ دەرکەوتون، هەندێ جاریش ناوی ژن لەگەڵ ناوی مێردی هاتوە، بۆ نمونە:

**"سین بیلیلی Sin Belili هەڵگیرایەوە لەلایەن گودا Guda ی کاهین و ژنەکەی نینگالریمیت Ningalremet لە ئیم گورسین Im gur sin و ژنەکەی داققاتوم Daqqatum."**(دیاکونوف، ٢٠١٤: ١٨١).[xv]

ئەمەش جۆرێکە لە بەرزراگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتی ژن لە نێو خێزانی بابلی و ئاشوریدا، جگە لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی، هاوکات ژن ڕۆڵی بەرچاوی سیاسی، ئاینی و ئابوریشی هەبوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە پلەی پاشا و شازادە[xvi]و ئافرەتە کاهینەکانی پەرستگاکاندا بون، بۆ ئەمەش چەندین نوسراوی مۆرکراوی تایبەت بە کاروباری کۆشک و بازرگانی هەن، کە ناوی ژنانی لەسەرە و هەر بە ناوی ئەوانەوە مۆرکراوە، و هاوکات خاون زەوی وزار، وکۆیلەی تایبەت بەخۆیان هەبوە (کیالی، ٢٠١٦: ٤٢)، هەروەها ژنان مافی ئەوەیان هەبو بەر لە هاوسەرگیری و دوای هاوسەرگیریش ببنە خاوەنی سامانی تایبەت بەخۆیان و سەرپەرشتی و بەدواداچۆن بۆ کارەکانیان بکەن (حسین، ٢٠١٥: ٢٠١)، هەروەها ژنانی سەربەخۆ بۆ نمونە؛ جیابوەوە و بێوەژنەکان مافی ئەوەیان هەبو کە گرێبەستە یاساییەکان بەناوی خۆیانەوە بکەن (Steele, 2010: 301). بەشێوەیەکی گشتی مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژن بەتایبەتی لە قۆناغی هاوسەرییەتی و لە خێزانی بابلی و ئاشوریدا، و لە چوارچێوەی یاساکاندا پارێزراو بون.

**٢.١.٢. مافی منداڵ**

لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای وڵاتی دو ڕوبار، منداڵ پێگە و بایەخی تایبەتی خۆی هەبوە، و لە یاسای بابلی و ئاشوریشدا گرنگی زۆر بە مافەکانی منداڵان بەتایبەتی مافی بەخێوکردن، پەروەردە و فێربون، و مافە داراییەکانی وەک؛ میرات دراوە (بحرون و اوانغ، ٢٠٢٢: ٣١٦-٣١٧).

منداڵ مافی ژیان و بەخێوکردنی لە چوارچێوەی خیزاندا هەبوە، و هەر هەوڵێک بۆ دورخستنەوە و دابڕینی منداڵ لە خێزانەکەی سزای لەسەر دیاریکرا بو، بۆ نمونە؛ بەپێی ناوەڕۆکی (یاسای حامورابی، م. ١٤) سزای دزینی منداڵ یاخود کوڕی خانەدانێک، لە سێدارەدان بوە (Abulhab, 2017: 13).

تەنانەت منداڵ هەر لە سەرەتاوە لە قۆناغی کۆرپەلە و لە قۆناغەکانی دواتریش بەپێی دەقە یاساییەکان مافەکانی پارێزراو بون، بۆ نمونە؛ لە یاسای حامورابی هەریەک لە (م. ٢٠٩ـ ٢١٤) تایبەتن بەم بابەتە، و بەپێی ناوەڕۆکی یاساکە لە ئەگەری مردنی هەردو (دایک و کۆرپەلەکەی) بەهۆی لێدانەوە لە لایەن کەسێکەوە، ئاماژە بەدانەوەی گیانێک کراوە، و تەنانەت لە تاوانی لەم جۆرەدا، کچی تاوانبارەکە دەکوژرێتەوە (Harper, 1904: 77) ، هەروەک لە دەق (یاسای حامورابی، م. ٢١٠)دا هاتوە:

**"ئەگەر هاتو کەسێک دای لە ژنیکی سکپڕ و بە هۆی ئەو لێدانەوە، دایک و منداڵەکەی گیانیان لەدەستدا، ئەوا کچی دەست درێژیکار دەکوژرێت."**(Meek, 1969 c: 175).

هەروەها بەپێی ناوەڕۆکی (یاسای ئاشوری ناوەڕاست م. ٥٠ـ ٥٣/ تابلێتی A)، ئەو کەسەی کە بەهۆکاری لێدانەوە بوبێتە هۆکاری لەبارچونی کۆرپەلە لە ناو سکی دایک، ئەوا جگە لە قەرەبو، سزای توندی وەک کوشتن بەسەر تاوانباردا جێبەجێ دەکرێ (الباوی، ٢٠٢٠: ١٠١٨)، هەروەک لە دەق (یاسای ئاشوری ناوەڕاست م. ٥٠)دا هاتوە:

**"ئەگەر هاتو کەسێک دای لە ژنیکی سکپڕ و بە هۆی ئەو لێدانەوە، منداڵەکەی گیانی لەدەستدا، ئەوا ئەوا پێویستە بە ئەندازەی گیانێک، قەرەبوی ماددی (دایکەکە) بکرێتەوە، و ئەگەر بەهۆی ئەو لێدانەوە، هەردو کۆرپەلە و دایکیشی گیانیان لەدەستدا، ئەوا دەست درێژیکارەکە دەکوژرێت."**(Roth, 1995: 173- 174).

بەپێی ناوەڕۆکی یاسای (ئاشوری ناوەڕاست م. ٥٣)، سزای ژنێک کە منداڵی لەدایکنەبوی خۆی لەباربردو تاوانەکەی سەلمێندرا، ئەوا لەداردەدرێ و نانێژرێت (Meek, 1969 b: 185).

هاوکات جگە لە مافی پاراستن و بەخێوکردن، منداڵان مافی پەروەردەی خێزانی، بەتایبەتی لەلایەن دایکانەوە هەبو (Grayson, 2008: 207).

بەشێوەیەکی گشتی، ناوەڕۆکی دەقە یاساییەکانی سەردەمی بابلی و ئاشوری، بەڵگەی ئەوە دەخەنەڕو کە منداڵ مافی سەربەستی و ژیانی کامەرانی لە چوارچێوەی خیزاندا هەبوە.

سەبارەت بە مافی سامان و میراتی باوان بۆ منداڵەکانیان، یاساکان بایەخی زۆریان بەم لایەنە داوە، ئەمەش بۆ ئەوەی کە لە ئایندەدا ڕێگە لە سەرهەڵدانی کێشە و پچڕانی پەتی شیرازەی خێزان بگیرێت، بۆیە چەندین ماددەی یاسایی، بۆ نمونە: لە یاسای حامورابی هەریەک لە (م. ٣٨ـ ٣٩، ١٥٠، ١٦٥ـ ١٨٤) (قاشا، ١٩٨٤: ٨٧ ـ ٩٧)، هەروەها لە یاسای ئاشوری ناوەڕاست هەریەک لە (م. ٢٦ـ ٢٧، ٤١ـ ٤٢ تابلۆی A، و م. ٢ـ٣ تابلۆی B) تایبەتن بەبابەتی میرات (Lafont, 2005: 3, 10).

لەنێو دەقی ماددە و بڕگە یاساییەکاندا جۆرەکانی بەشە میراتی جێماوە، بە تایبەتی هەریەک لە (کێڵگە، بێستان/ باخچە، و خانو) وەک جۆری نەگوێزراوە، لە یاسای (حامورابی، م. ١٦٥، ١٧٨، ١٨٢)دا ئاماژەیان بۆ کراوە (عیسی، ٢٠٠٢: ٦)، بۆ نمونە:

**"ئەگەر هاتو پیاوێک بەپێی بەڵگەنامەیەکی مۆرکراو کێڵگەیەک، باخچەیەک، یان خانویەکی بە میراتگرە دڵخوازەکەی/ یەکێک لە منداڵەکانی بەخشی، ئەگەر پیاوەکە مرد، کوڕەکانی بۆیان نییە داوای دابەشکردنی ئەو موڵکە بکەن و مافی ئەو کوڕەیە کە دیارییەکەی باوکی ببات، پاشان سامانی باوکیان بە یەکسانی دابەش دەکەن."**(حامورابی، م. ١٦٥) (Roth, 1995: 112).

هاوکات ئەو ماددەیە بابەتێکی تری پڕ بایەخی لەخۆگرتوە، ئەویش هەبونی بەڵگەیەکی یاساییە بۆ بەشە میرات، زۆرجار لە یاساکاندا بەڵگەنامە و گرێبەستی یاسایی مۆرکراو کراوەتە مەرجی سەرەکی، ئەگەرنا مەرجی یاسایی تیایدا بەدی

نەدەهات، ئەمەش بەڵگەی ئەوە دەخاتەڕو، کە هەندێ جار لە کۆمەڵگادا بانگەشەی بێ بنەما بۆ جیاوک لە بەشە میراتدا کراوە، یاخود هەوڵدراوە بەڵگەنامەی ساختە بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر بەشە میرات دروست بکرێ، بەڵام بەپێی یاسا ڕێگری لەم هەوڵە نایاساییە کراوە. ئەو منداڵانەی (کوڕ وکچ) کە هێشتا ژیانی هاوسەریان پێکنەهێنا بو، ئەوا دەسەڵات وسامانی باوک وەک میرات بۆ کوڕە گەورەکەیماڵەوە دەگوازرایەوە، بەڵام لە ئەگەری هەبونی منداڵی بچوک ئەوا دەکرا دایک دەسەڵاتی باوک بگرێتەوە (ساسون، ٢٠١٤: ٤٧)، دەکرێ ئەمەش بۆ ئەوە بوبێتن کە دایک بتوانێ بژێوی منداڵەکانی دابین و پەروەردەیان بکات.

بەپێی یاسا، منداڵی لەخۆگرتو[xvii] مافی پێدانی میراتی لەلایەن باوکی (المتبنی)یەکەی هەبو (علی وسلیمان، ١٩٧٩: ٩٩)، بۆ نمونە بەپێی یاسای (حامورابی م. ١٩٠. ١٩١) منداڵی لەخۆگرتو مافی ئەوەی هەیە، کە وەک منداڵی ڕاستەقینە لەلایەن خاوەنەکەی سەیر بکری، لە ئەگەری دەرکردنی منداڵەکە، ئەوا لەسەر پیاوەکە پێویست بو کە سێیەکی میراتەکەی بە منداڵە لە خۆگرتوەکەی بدات (Paulissian, 1999:  29), هەروەها بەپێی یاسای (ئاشوری ناوەراست م. ٤١/ تابلۆی A) منداڵەکانی ژنی کەنیزە مافی میراتگیریان هەبوە (Meek,، 1969 b: 183) کە ئەمەش جۆرێکیترە لە ڕەچاوکردنی مافەکانی منداڵی کەنیزە لە چوارچێوەی یاساکان.

یەکێکی تر لە مافەکانی منداڵان، بریتی بو لەوەی کە ئەو کۆیلانەی کە ژنیان لە چینی ئازاد دەهێنا، ئەوا منداڵەکانیان ئازاد دەبون، واتە خاوەنی کۆیلەکە مافی بانگەشەی خاوەنداریەتی ئەو منداڵانەی نەبو، بەڵکو منداڵەکان ئازادبون و مافی سەربەستیان هەبو، ئەمەش لە یاسای (حامورابی م. ١٧٥. ١٧٦) ئاماژەی بۆکراوە (Meek, 1969: c 174).

لە وڵاتی بابل و ئاشور، هەندێ جار مافی منداڵان پێشێلکراوە، ئەمەش لە ئەنجامی هەندێ بارودۆخی سەخت و نەخوازراوی وەک؛ بڵاوبونەوەی نەخۆشی کوشندە و کەمبونەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و دەرکەوتنی قەیرانە ئابوریەکان و بڵاوبونەوەی برسییەتی، بەشێک لە خێزانە هەژارو کەم دەرامەتەکان منداڵەکانیان دەفرۆشت، بۆ نمونە: چەند دەقێکی سەردەمی ئاشوری کە مێژوەکەی بۆ ساڵی (٦٨٧ پ.ز) دەگەڕێتەوە، ئاماژەی بۆکراوە کە؛

**"ژنێک کچەکەی فرۆشتوە بە سی شیکل[xviii] لە زیو."**(عقراوی، 1978: 141).

**"پیاوێک کوڕەکەی فرۆشتوە بە شانزە شاکل لە زیو."**(الدوسکی، ٢٠١٩: ١٦٣).

هەندێک جاریش بە هۆی ئابلوقەی سەربازی بۆ سەر شارێک و پاڵنەری برسییەتی، بەشێک لە خێزانە هەژارەکان بەناچاری منداڵەکانیان دەفرۆشت، بۆ نمونە: لە چەند دەقێکی سەردەمی بابلی نوێ (٦٢٧. ٥٣٩ پ.ز) و لەکاتی ئابلوقەی سەر شارێک، ئاماژەی بۆکراوە کە؛

**"لەم ڕۆژانەدا کە دوژمن ئابلوقەی خستۆتە سەر شار و برسییەتی بڵاوبۆتەوە ... ،"**
**"کچە بچکۆلانەکەم (...) ببە و بەزیندویی بیهێڵەوە ...  شەش شاکل لە زیوم پێ بدە بۆ ئەوەی شتێکم لەلابێت بیخۆم."**(Oppenheim, 1955: 77).

لە یاساکانی بابلی و ئاشوریدا هیچ مادده و دەقێکی یاسایی نابینری کە فرۆشتنی منداڵ شتێکی ئاسایی بێت، بەڵام ڕێگریشی لێ نەکراوە.

بە سەرنجدان لە  ناوەڕۆکی یاساکان، هەندێکجار ژن باجی تاوانی مێردی، و هەندێکجاریش منداڵەکان باجی تاوان، یاخود هەڵەی باوکیان لەسەربوە، بۆ نمونە ناوەڕۆکی یاسای (ئاشوری ناوەراست م. ٥٥. ٥٦ تابلۆی A) باس لەوە دەکات، کە ئەگەر هاتو پیاوێک کچی کەسێکی برد و دەستدرێژی کردە سەری، ئەوا باوکی کچەکە دەتوانێت ژنی

دەستدرێژیکارەکە ببات و ڕێگە بدات کەسێک دەستدرێژی بکرێتە سەری و تەنانەت بیهێڵێتەوە ...، Meek, 1969 (b: 185)، هەروەها لە یاسای بابلیشدا ئاماژە بەم بابەتە کراوە، بۆ نمونە لە یاسای (حامورابی م. ٢١٠) هاتوە:

**"ئەگەر پیاوێک ژنێکی توشی لەباربردن کرد و کوشتی، ئەوا کچەکەی دەکوژرێتەوە."**

هەروەها سزای کوشتن بەسەر بیناساز سەپێندراوە کە کەمتەرخەمی لە دروستکردنی خانویەکدا کردبێت و بەسەر کوڕی خاوەن ماڵەکەدا ڕوخا بێت، (حامورابی م. ٢٣٠) (رشید، ١٩٧٣: ١٢٨).

لەگەڵ ئەوەی کە تاوەکو ئێستا هیچ ئاماژەیەکی سەلمێندراو بۆ جێبەجیکردنی ئەم سزایانە لەبەردەستدا نین، و دەکرێ ئەمە بۆ ترساندنی پیشەگەر یاخود کەسەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان بە دڵسۆزی و پەیوستبون بە ئاکاری پەسندی کۆمەڵایەتی بو بێتن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەسپاندنی وەها سزایەك لە دەقێکی یاساییدا بە پیشێلکردنی مافی منداڵ دێتە هەژمار، چونکە منداڵان نابێت باجی هەڵەکانی باوانیان بدەن.

بەشێوەیەکی گشتی چەندین جۆر لە مافەکانی منداڵان لە چوارچێوەی دەقە یاساییەکانی بابلی و ئاشوریدا پارێزراو بون، کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر گەشەو کەسایەتی داهاتویان هەبوە.

### ٢.١.٣. مافی پیاو

لە کۆمەڵگای بابلی و ئاشوریدا، پیاوان خاوەن کۆمەڵێک مافی دیاریکراو بون، لە نێو ئەندامانی خێزاندا، باوک هەمو دەسەڵاتێکی بەسەر ئەندامانی خێزانەوە هەبوە و پێویست بو لەسەریان گوێڕایەڵی تەواوی سەرۆک خێزان بن (ساسون، ٢٠١٤: ٤٧).

یەکێک لە گرنگترین مافی پیاو، بریتیبو لە پاراستنی پاکیزەیی و شکۆمەندی خێزان و کەسایەتی پیاو، لەلایەن ژنەکەیەوە و پەیوەستبون بە داوێنپاکی، توێژەران، ئەمە بە یەکەم مافی پیاو لەنێو خێزانەکەیدا لە قەڵەم دەدەن (الهاشمی، ١٩٧١: ٨١؛ سلیم، ٢١١: ٨٢)، بەجۆرێک کە یاساکان سزای توندیان بۆ ئەو جۆرە ژنانە دیاریکردوە کە ناپاکی لە هاوسەرەکانیان دەکەن و وەک تاوانبار ڕوبەڕوی دادگا دەرکرانەوە (Bradley, 2003: 46)، بۆ نمونە؛ لە یاسای (حامورابی، م. ١٢٩)دا هاتوە:

**"ئەگەر ژن و پیاوێک بەشێوەیەکی نایاسایی بەیەکەوە جوتبون، و ژنەکە مێردی هەبێت، و لەکاتی جوتبوندا بەیەکەوە گیران، ئەوا دەبەسترێنەوەو فڕێ دەدرێنە ڕوبارەوە بۆ ئەوەی بخنکێن ... ."**(Harper, 1904: 45).

کەواتە ژن، ئەرکی پاراستنی شکۆی خێزان و کەسایەتی مێردەکەی لەسەرشان بوە.

لە ئەگەری ئەوەی کە ژن منداڵی نەدەبو یاخود نەزۆک بو، ئەوا پیاو مافی ئەوەی هەبو کە کەنیزەکەی خۆی بکاتە ژنی خۆی بۆ ئەوەی منداڵی لێی هەبێت (کیالی، ٢٠١٦: ٣٤)، هەروەک لە (یاسای ئاشوری ناوەڕاست م. ٤١/ تابلۆی A)دا هاتوە:

**"ئەگەر پیاوێک ویستی کەنیزەکەی داپۆشێت، ئەوا پێویستە پێنج یان شەش کەس لە دراوسێکانی کۆبکاتەوە و لەبەردەمیاندا کەنیزەکە داپۆشێت، و بڵێت: ئەوە ژنی منە، و بەم شێوەیە دەبێتە هاوسەری ... . "**

(Driver, Miles, and Meek, 1975: 12).

هەروەها لە یاسای بابلی (حامورابی م. 146)، ڕێگە بە پیاوان دراوە کە کەنیزە بکرێتە خێزان, بەڵام ئەوەی جیاوازە لەگەڵ یاسای ئاشوری، ئەوەیە کە لە یاسای بابلیدا ئەوەش هاتوە کە لە ئەگەری خستنەوەی منداڵ ئەوا چیتر ژنی یەکەمی پیاوەکە مافی ئەوەی نییە، کە ئەو کەنیزەیە بفرۆشیت یاخود کۆتی بکات، بەلکو بە پلەیەک خوارتر، هەمان مافی ڕێزگرتنی ژنی یەکەمی دەبێت (Nagarajan, 2011: 114).

لە ئەگەری ئەوەشدا کە هاوسەرگیری لەسەر ڕێڕەوی یاسایی و بەپێی ناوەڕۆکی گرێبەستەکان نەڕۆیشت و هاوسەران بەیەکەوە نەگونجان، ئەوا پیاو دەیتوانی بڕیاری جیابونەوە بدات، و بەپێی بارودۆخ و هۆکارەکان، قەرەبوی ماددی و بەشێک لە مارەیی بۆ ژنەکە دەگەڕایەوە، ئەمەش لە یاسای (حامورابی، م. ١٣٧. ١٤١)دا ڕونکراوەتەوە (العلوجی، ٢٠١٣: ١٥٧)، و بەپێی ناوەڕۆکی (م. ١٤٢)ی هەمان یاسا، جۆرێک لە سەربەستی و بڕیاری جیابونەوە لە دەست خودی ژناندا بوە.[xix]

### ٢.١.٤ مافی کۆیلە

لە ڕوانگەی یاساییەوە، کۆیلە بریتییە لەو کەسەی کە ئازاد و سەربەست نییە، و خاوەنداریێتی کەسێکی ترە، و لەژێر سەرپەرشتی و دەسەڵاتی خاوەنەکەیەتی. لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا سیستەمی کۆیلایەتی فرە ڕەهەندو ئاڵۆز بو، لەگەڵ ئەوەی کە بەپێی یاسا کاروباری کۆیلە ڕێکخرابون، بەڵام زیاتر لەژێر کاریگەری خاوەنەکانیاندا بون کە تا چەند ڕێساکانی یاسای خاوەندارییەتی جێبەجێ دەکرێن (Westbrook, 1995: 1634).

لەنێو دەقە یاساییەکانی سەردەمی بابلی کۆن، بۆ نمونە: لە (یاسای حامورابی)[xx] چەمکی کۆیلە بەشێوەی (wardom) هاتوە (Harper, 1904: 94), و لەنێو دەقە یاساییەکانی یاسای سەردەمی ئاشوری ناوەڕاستیش بەشیوەی (ardu)[xxi] هاتوە (Gelb, and others: 1998: 51; Parpola, and others, 2007: 9).

لە زمان و فەرهەنگی کوردیدا، جگە لە وشەی کۆیلە، واژەی (بەندە)ش بەکارهاتوە، کە لە بەشێک لە فەرهەنگاکاندا، ئەم دەستەواژانە بەواتای (خزمەتکار) هاتون (موکریانی، ١٩٩٩: ٧٨٣؛ خاڵ، ٢٠٠٥: ٣٧٥).

چینی کۆیلە لە خوارەوەی هەرەمی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای بابلی و ئاشوریدا بوە، کە مافێکی کەم وئەرکی زۆریان لەسەرشان بوە، و بەپێی یاسا تەواو پەیوەست کرابون بە خاوەن و گەورەکانیان (الناهی، ١٩٤٩: ٤١) و مافەکانیان لە نێو ماددە و بڕگە یاساییەکاندا خراونەتەڕو (Seri, 2010: 57– 88).

بە شێوەیەکی گشتی کۆیلە چەند جۆرێک بوە، بەشێکیان لە لایەن بازرگانەکانی وڵاتی بابل و ئاشور لە دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی لە خانەوادە هەژار و کەم دەرامەتەکان دەکڕدران (علی، کامران، 2002: 189. 194 ,O'Callaghan 1948: 25;), و جۆرێکیشیان لە پەرستگاکان و کێڵگەکان کاریان پێدەکرا، کە ملکەچی دەوڵەت بونە و زیاتر لەڕێگەی جەنگەکانەوە بە دیل گیرابون، هەروەها جۆرێکی تر لە ماڵان کاریان پێدەکرا کە خاوەنەکانیان سەرۆک خێزان بونە (علی، کامران، 2002: ١٨٧. ١٩٠)، هەروەها جۆرێکی تری کۆیلە، منداڵی کۆیلەکان بونە کە هەر بەکۆیلەیی دەمانەوە (علی و عامر، ١٩٧٩: ٦٢)، و ئەو منداڵانە لە تەمەنی زۆر بچوکەوە کاریان کردوە و وەکو ڕێگری یان گەرەنتی بۆ قەرزەکان ڕادەستی قەرزدەرەکان کراون، و وەک موڵک وکەلوپەلیتر بەهۆی تاوان یان قەرزە نەدراوەکانەوە دەستیان بەسەرداگیراوە، هەندێ جاریش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ فرۆشراون (Reid, 2017: 10).

لە سەردەمی بابلی کۆندا، تێکڕای نرخی کۆیلەیەک لەنێوان (٢٠ . ٣٠ شیقڵ زیو) بوە، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ لێهاتویی کۆیلەکە لە ڕوی هێزی جەستە و شارەزاییان لە پیشەگەری وەک؛ نوسەر، بازرگانی، زێڕینگەر، دروستکردنی بیرە، چەرمچی یاخود خۆشکردنی پێستە و ... هتد (Schramer, 2010: 78).

سەبارەت بە مافەکانی کۆیلە، بەشێک لە دەسەڵاتداران پشتیان بەهەندێک کۆیلە بەستوە، بە دانانیان لە هەندێک پۆستی گرنگ و بەرپرسیارییەتی لەسەر ئاستێکی بەرزو دیاریکراو بۆ نمونە؛ بەشێکیان پۆستی نوسەریان پێدراوە، بەڵام بەڕێژەیەکی کەم (Gelb, 1944: 58), هەروەها هەندێ لە کۆیلەکان قەواڵەی لەخۆگرتنیان وەرگرتوە و لەلایەن

خاوەنەکانیانەوە وەک کوڕی ماڵەوە سەیر دەکران، هەروەک تاکێکی ئازاد لە کۆمەڵگە وابوە، تەنانەت دوای مردنی باوکی (المتبنى)یەکەی ئەو مافەی هەر دەمایەوە (الرويح، ١٩٧٦: ٢٦، ١٤٦).

یەکێک لە گرنگترین مافەکانی کۆیلە، بریتی بو لە مافی سەربەستی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەندامێکی چینەکانی تر، ئەمەش لە یاساکاندا هاتوە، بۆ نمونە لە (یاسای حامورابی م. ١٧٥)دا هاتوە:

**"ئەگەر کۆیلەیەک، جا کۆیلەی کۆشک یان هی هاووڵاتی بێت، لە گەڵ کچێکی ئازاد دا هاوسەرگیری ئەنجامدا ئەوا منداڵەکانیان ئازاد دەبن و نابنە کۆیلەی کەس، و نابێت خاوەنی کۆیلە بانگەشەی خاوەنداری و خزمەتکاریان بکات."** (Meek, 1969: c 174).

لەم شێوازەدا منداڵەکانیان پەیوەستبون بە دایکیان، و لە کۆمەڵگادا وەک تاکێکی ئازاد سەیر دەکران Reid, 2017: 16-17), هەروەها ئاسایی بو کە ژنێکی کۆیلە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێک لە چینی ئازاد بکات (ساغز، ١٩٧٩: ١٩٦).

لە ولاتی بابل و ئاشوردا کۆیلەی سوباری Subari'xxii هەبوە، ئاماژە بۆ کۆیلەی سۆباری لە سەرچاوە مێخییەکاندا زۆرن (Ahmed, 2012: 57) و کۆیلە بەو ناوە لە لیستی بازرگانی وڵاتی بابلیشدا هاتوە (Gelb, 1944: 5, 29)، کۆیلەکان مافی بازرگانیکردن، داواکردنی قەرز، مامەڵەکردن، بەکرێگرتنی زەوی و کێڵگە کشتوکاڵییەکانیان لە دەوڵەمەندەکان هەبو (جليل،٢٠١١: ٢٥٦)، ئەمە جۆرێکە لە گەشەسەندنی مافی کۆیلە، کە جگە لە سود وەرگرتن لە توانا وبەهرەکانیان، هاوکات بەڵگەی پشت بەستن ومتمانەکردن بوە پێیان.

سەبارەت بە مافەکانی هەردو جۆری کۆیلە (کۆیلەی قەرزو کۆیلەی بیانی)، بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆیلە قەرزدارەکە باشتر بو، چونکە خاوەن کۆمەڵێک جیاوکی تایبەت بوە، بۆ نمونە؛ وەك پێشتر وترا، دەیتوانی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی ئازاد بکات، وەک شایەتحاڵێکیش لە دادگادا ئامادە دەبو، و مافی ئەنجامدانی مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ کۆیلەکانی تر و گەورەکانی هەبوە،[xxiii]و هیوای ئەوەشی هەبو کە لە داهاتودا قەرزەکانی بداتەوەو و ئازادی بۆ بگەڕێتەوە، بۆ نمونە؛ لە (یاسای حامورابی م. ١١٧)دا هاتوە:

**"ئەگەر کەسێک قەرزی دا بەکەسێک و دواتر ئەو کەسە هیچی نەبو بۆ بگێڕێتەوە، ئەوا دەتوانێت لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە کورو کچ وژنی کەسی قەرزار بۆ ماوەی سێ ساڵ بکاتە کۆیلەی خۆی و لە ساڵی چوارەمدا ئازادیان دەکات."**(Roth, 1995: 103).

بەڵام دیلی بیانی بەتەواوی جیاواز بو، مافەکانی کەمتر و کاری دەستی زیاتر و هیوای گەڕانەوەی ئازادیەکەی کەمتر بو، لەبەر ئەوە هەندێجار بڕیاری هەڵهاتنیان داوە (Grayson, 2008: 207).

بۆ ئەمە توێژەر ساگز، بۆچونی هەندێک جیاوازە لەگەڵ گرایسون، بەوەی کە ساگز، باس لەوە دەکات کە دیلی جەنگەکان (کە جۆرێک بوە لە کۆیلەی بیانی) بەواتای وشە کۆیلە نەبوە، و لە وتاری پاشایەکی ئاشوریدا – کە ئاماژە بەناوەکەی نەکراوە - هاتوە**"... ئەوانم وەک گەلی ئاشوری لێکرد."**(ساغز، ٢٠١١: ١٨٧)، و لە دوای نیشتەجێبون و پەیوەستبونی دیلەکان بەزەوی، ئەوا بارودۆخیان هەروەک ئاشورییە هەژارەکان وابوە، و ئەوانیش لەگەڵ زەوی دەفرۆشران، هەروەها بەشێک لە پاشاکانی ئاشوری، چەندین گەنج و لاویان لە هەرێمەکانی ملکەچپێکراو هێناوەتە وڵاتی ئاشور، بەبێ ئەوەی ناوی کۆیلەیان بەسەردا ببرێ، و تەنانەت لە ڕیزەکانی سوپادا پلەیان لە ئاشورییەک کەمتر نەبوە (ساغز، ٢٠١١: ١٨٧)، پشت بەستن بە بۆچونی هەردو توێژەر، مافەکانی (کۆیلەی قەرزو کۆیلەی بیانی) لە کۆمەڵگادا پارێزراو بون.

بەپێی یاسا پێویست بو بە شێوەیەکی شایستە مامەڵە لەگەڵ کۆیلەکاندا بکرێت، و بەشێک لە مافەکانیان پارێزراو بو، بۆ نمونە؛ دەیانتوانی کرێیان دەست بکەوێت، کۆیلەی لێهاتو وەکو پیشەگەرێک دەیتوانی لە شارێکدا سەرکەوتو بێت و پارە پەیدا بکات و ئازادییەکەی بکڕێتەوە (یاسای حامورابی، م. ١١٧، ١١٩)، ئەگەر کۆیلەیەک بریندار بو و نەیتوانی کار بکات، ئەوە بەرپرسیاریێتی خاوەنەکەیە لە کاتی نەخۆش کەوتن، پارەی پزیشک وچارەسەریەکەی بدات و بەردەوام بێت لە پێدانی خۆراک و نیشتەجێکردنی کۆیلەکە، لە بەرامبەردا ئەگەر کرێکارێک لە چینی ئازاد نەیتوانی کار بکات، پێویست بو هەرخۆی پارەی پزیشک وچارەسەرییەکەی دابین بکات، و کەس نەبو چاودێری بکات (Schramer, 2010: 78).

لە کۆمەڵگای بابلی و ئاشوریدا، ئەندامانی چینی ئازاد، لە ئەگەری نەتوانینی دانەوەی قەرزەکەی یاخود قەرزی ئەندامێکی خێزانەکەی دەکرانە کۆیلەی خاوەن قەرزەکە (Radner, 2003: 893).ئەمەش جۆرێک بو لە پێشیلکردنی مافی ئەندامانی خێزان، بەڵام بەپێی یاسا، بۆ نمونە (حامورابی، م. ١١٦) بەرگری لەو هاووڵاتیانە کردوە کە بە هۆی قەرز و مامەڵەی خراپەوە لەلایەن بەشێک لە گەورەکانیانەوە کرابونە کۆیلە، و وەک بارمتە وابونە، و لەوکاتەی کە کۆیلەیەک بەهۆی مامەڵەی خراپ لەگەڵیانا بمرێت ئەوا کوڕی گەورەکە دەکوژرا (ستروڤ، ١٩٨٦: ٨٠- ٨١). هەروەها بەپێی یاسا (حامورابی، م. ١١٧) ئازادی بۆ قەرزاربار دەگەڕایەوە لەو کاتەی کە بۆ ماوەی (سێ ساڵ) کاری بۆ خاوەن قەرزەکە بکردایە (سلیمان، ١٩٧٧: ٥٨)، لە کۆمەڵگای ئاشوریش کۆیلەی قەرز هەبوە ولە ئەگەری ئەوەی کە پیاو یاخود ئافرەت نەیتوانی قەرزەکەی بداتەوە، سزا دەدران، یاخود دەفرۆشران و ڕەوانەی وڵاتی بێگانە دەکران (ساغز، ٢٠١١: ١٨٨).

بەشێوەیەکی گشتی چینی کۆیلە کۆمەڵێک مافی دیاریکراو، بەتایبەتی لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەبو، کە بەپێی یاسا ڕێکخرابون، ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەی کۆمەڵگادا هەبو.

### ٢.٢. مافەکانی خێزان و کۆمەڵ لە یاسا تۆمارکراوەکانی بابلی و ئاشوری

### ٢.٢.١. مافی خێزان

یاساکانی بابلی و ئاشوری بایەخی زۆریان بە دروستبون و پتەوکردنی پەیوەندی خێزانی داوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بەهۆکاری سەرەکی دروستکردن و بونیادی خێزان دادەنرێن کە ژن و پیاو کۆڵەکەی سەرەکی و ڕۆڵی گەورە تیایدا دەبینن، هەردو هۆکارەکەش کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی چەندین خێزانی تر دەگوازێتەوە.

لە کۆمەڵگای بابلی و ئاشوری، پێکهاتەی خێزان بریتی بو لە هاوسەران و منداڵەکانیان بە هەردو جۆری منداڵی ئاسایی و لەخۆگرتو، بەڵام کۆیلە و کەنیزە بە ئەندامی خێزان لە قەڵەم نەدراوە و زیاتر وەک پێداویستی سەیرکراون، کە خاوەنداریان بۆ سەرۆک خێزان دەگەڕایەوە، ئەمە جگە لە بەشێک لە کەنیزەکان کە لەلایەن پیاوان لە چینی ئازادەوە مارەکرابون، کە منداڵەکانیشیان بە ئەندامی خێزان لە قەڵەم دراون (الهاشمی، ١٩٧١: ٣٦)، هەروەها ئەو خوشکانەی کە هێشتا شویان نەکردبو، هەندێ خێزانیش (دایک و ئافرەتانی بێوەژن)یشی لەخۆی گرتبو (نیمیت، ٢٠١٤: ١٦٧).

تایبەتمەندییەکی هەرە گەورەی یاسای بابلی و ئاشوری، گرنگیدانە بە ڕێکخستنی کاروباری خێزان، کە چەندین مادده و بڕگەی یاسایی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی و دیاریکردنی ئەرک و مافی تاکەکانی خێزان و چارەسەری گرفتە خێزانییەکانی لەخۆ گرتوە (Jastrow, 1915: 286).

لە نێو خێزانی بابلی و ئاشوریدا، پیاو مافی ئەوەی نەبو کە هەرکات ویستی لە ژنەکەی جیابێتەوە، بەڵکو بۆ ئەمە پێویستی بەچەند بارودۆخێکی تایبەتی هەبو، بۆ نمونە؛ نەخۆشی ژن و نەتوانینی جێ بەجێکردنی ئەرکی هاوسەری

(ساسون، ٢٠١٤: ٥١)، لەم بارودۆخەشدا لەبری جیابونەوە، یاسا ئاماژەی بە هێنانی ژنی دوەم کردوە (نیمیت، ٢٠١٤: ١٧٣. ١٧٤)، و هاوکات باسی پاراستنی ماف و پێگەی ژنی یەکەمیشی کردوە، ئەمەش لەنێو بەشێک لە گرێبەستە یاساییەکانی سەردەمی ئاشوری ناوەڕاستدا هاتوە بەوەی کە نابێت لە ژنی یەکەم جیاببێتەوە لەماڵەوەش دەری بکات بەڵکو پێویستە ڕێزی جارانی بمینێت، تەنانەت ژنی یەکەم ئازادە لە ئەگەری بڕیاردانی جیابونەوە و مافی گەڕاندنەوەی مارەییەکەشی هەیە، هەروەک لە یاسای (حامورابی م. ١٤٥ـ١٤٩)دا ئاماژە بەم بابەتە کراوە و مافەکانی ژن تیایدا خراونەتەڕو. (بۆ ناوەڕۆکی هەردو مادده یاساییەکە بڕوانە Roth, 1995: 109), ئەمەش جۆرێکە لە پێشکەوتن و چەسپاندنی مافەکانی ژن لەو مادده یاساییانەی کە تایبەتن بە خێزان، بەتایبەتی لەسەردەمی بابلیدا، کە ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لەنێو کۆمەڵگادا هەبوە (عرفە، ٢٠١٧: ٨٨).

لە ئەگەری ئەوەشدا کە پیاو سور بێت لەسەر جیابونەوە، ئەوا یاسا سزای توندی دارایی بەسەر پیاوەکەدا چەسپاندوە، ئەم پێداگریەش ئاماژەیە ۆ بەهای خێزان وەك بناغەی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە وگرنگی پارێزگاری لێکردنی. بەڵام بۆ نمونە بەپێی (یاسای حامورابی م. ١٣٧)، لە ئەگەری بڕیاری جیابونەوە لەلایەن پیاو، مافی ژن لە گەڕاندنەوەی مارەیی وپیدانی پاشینەی مارەیی، و دواتریش ژنەکە لە ئەگەری بڕیاری شوکردنەوەدا سەربەست بوە (Abulhab, : 45 2017).

بەڵام لە ئەگەری ئەوەی کە ژنەکە منداڵی نەخستبویەوە، تەنها مافی پێدانی مارەیی (بەبێ پاشینە) و گەڕاندنەوەی دیارییەکانی ماڵی باوکی هەبو، ئەمەش لە یاسای (حامورابی م. ١٣٨)دا ئاماژەی پێکراوە (Meek, 1969 c: 172)، ولە یاسای (ئاشوری ناوەڕاست م. ٣٨) ولەم بارودۆخەدا، ژن مافی گەڕاندنەوەی دیارییەکانی ماڵی باوکی هەبو، چونکە بۆ هەمیشە هی ژنەکەیە، بەبۆچونی هەریەک لە توێژەران (میک و مایلز) گەڕاندنەوەی دیارییەکان بۆ ژن، ئەرکی مێردەکەی بوە، ئەمەش بۆ بەدەستهینانی مافی ئەو ژنەیە کە لێی جیادەبێتەوە (Driver, Miles, and Meek, 1975: 10)، کەواتە هەریەک لە ژن و مێرد، وەک دو ئەندامی سەرەکی لە خێزانی بابلی و ئاشوری، مافەکانیان لە چوارچێوەی یاساکاندا پارێزراو بون.

بۆ پێگەی دایک وباوک لەنێو خێزان، توێژەر بیهم (١٩٢١: ٢٢) ئاماژە بەدەقێکی یاسایی ئاشوری دەکات، کە سەرچاوەکەی بۆ سەردەمی ژیاری (ئەکادی سەدەی ٢٥ ـ ١٨ پ. ز) دەگەڕێتەوە، و تیادا هاتوە:

**"ئەو کوڕەی کە سوکایەتی بە باوکی دەکات بە پێ بژاردن سزا دەدرێ، بەڵام ئەگەر سوکایەتی بە دایکی بکات ئەوا سەری دەتاشرێ و خواردنیشی پێ نادرێ."**

لەبەر ئەمە تێبینی ئەوە دەکرێ کە پێشتر لەنێو خیزانی ئاشوریدا تایبەتمەندی و پارسەنگی زیاتر بە دایکان دراوە لەوەی بە باوکان درابێت، بەڵام بەتێپەڕبونی کات ئەو پێگە ومافەی نەماوە، کە دەکرێ هۆکاری ئەمە بە تێپەڕبونی سەردەم بۆ گۆڕانکاری لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی باوک لە خێزاندا بگەڕێتەوە.

دایک وباوک مافی گوێڕایەڵی و ڕێزگرتنیان بەسەر منداڵەکانیانەوە هەبوە، ولە ئەگەری لاساری و توندەتیژی بەرامبەریان، بەپێی یاسا، سزای توندیان بۆ دیاریکراوە، بۆ نمونە؛ بەپێی یاسای (حامورابی، م. ١٩٥)، ئەگەر کوڕێک لە باوکی خۆیدا دەستەکانی دەبڕدرێنەوە، (Roth, 1995: 120).

هەروەها بەپێی ناوەڕۆکی حەوت ماددەی یاسایی لە (تابلێتی ژ/٧)ی زنجیرەی ناسراو بە (ana ittishu)[xxiv]، کە مێژوی یاساکە بۆ شاری نیپور لە دەوروبەری (١٩٠٠. ١٦٠٠پ.ز) سەردەمی بابلی کۆن دەگەڕێتەوە، لە ئەگەری لاساری، منداڵ سزای بۆ دانراوە، بۆ نمونە؛

**"ئەگەر هاتو کوڕێک بە دایکی خۆی وت؛ تۆ دایکی من نیت، ئەوا دەم و چاوی ڕەش دەکرێ و لە ماڵەوە و لە شاریش دەردەکرێ."**(تابلێتی ژ/ ٧، م. ٢)xxv (Johns, 1904: 45).

بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادده یاساییانە لە ڕوی کردارییەوە، بەشێک لە توێژەران، بۆچونیان وایە کە، گومان دەکرێ ئەم مادده یاساییانە جێبەجێ کرابوبێتن، چونکە تاوەکو ئێستا هیچ بەڵگەیەکی ڕون لەبەردەستدا نییە کە ئەمە بسەلمێنێت، بەڵکو ئەمە تەنها نیشانەیەکی شارستانی کۆمەڵگای ئەو سەردەم، و هاوکات بۆ ڕێگریکردن لە هەلسو کەوتی توندوتیژی منداڵ بەرامبەر دایک و باوکی بوە (ساسون، ٢٠١٤: ٤٧؛ Johns, 1904: 44).

لە کۆمەڵگای بابلی و ئاشوری، لە چوارچێوەی خێزاندا مافی ژنی پارێزکار پارێزاراو بو، بۆ نمونە؛ بەپێی ناوەڕۆکی یاسای (حامورابی, م. ١٤٢)، ئەگەر ژنێک ڕقی لەمێردەکەی بویەوە و پێی وت بەلامەوە مەیە و تۆم ناوێت، دوای بەدواداچون و سەلماندنی ئەوەی کە ژنەکە پارێزکار و هیچ تاوانێکی لەسەر نەبو، و مێردەکەی زۆر دەچوە دەرەوە و هیچ گوێی پێنەدابێت، ژنەکە دەیتوانێ دیارییەکانی وەربگرێتەوە و بگەڕێتەوە ماڵی باوکی (Roth, 1995: 108).

ئەم مادده یاساییە کۆمەڵێک بابەتی گرنگی پەیوەندی خێزانی لەخۆ گرتوە، بەوەی کە لە دادگاکاندا بەوردی بەدواداچون بۆ کێشە وگرفتە خێزانییەکان کراوە و پەیوەندی خێزانی بەهەند وەرگیراوە، هەوڵدراوە مافی ژن بەسەر مێردەکەیەوە بچەسپێندرێ و پشتگوێی نەخات، لە ئەگەری پێچەوانەدا ماف دەگێڕێتەوە بۆ ژن بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵی باوکی بەبێ ئەوەی هیچ تاوان و لۆمەی لەسەر بێت، لە ناوەڕۆکی ئەم مادده یاساییە دەردەکەوێت، کە لە سەردەمی بابلی کۆندا، گرفتی مانەوەی بەشێک لە پیاوان لە دەرەوەی ماڵەوە بۆ ماوەیەکی زۆر هەبوە و هەوڵدراوە بەپێی یاسا گرفتەکە چارەسەر بکرێ و پیاو وەک سەرۆک خێزان، ببێتە چەتری ئارامی و حەسانەوە و مایەی بەختەوەری خێزانەکەی، هەروەها لە یاسای ئاشوریدا مافی ژنی پارێزکار پارێزراو بو، بۆ نمونە: بەپێی یاسای (ئاشوری ناوەڕاست, م. 12/ تابلێتی A)، لە ئەگەری ئەوەی کە پیاوێک ئازاری ژنێکی خێزاندار بدات و بیەوێ دەستدرێژی بکاتە سەری، بۆ ئەمەش شایەتحاڵ هەبێت، پێویست بو کە گەورەکان، پیاوەکە لە سێدارە بدەن، و ژنەکە هیچ بەرپرسیار نەدەبو (Meek,1969 b: 181)، لە کۆمەڵگای ئاشوریدا دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان بە تاوانی گەورە لەقەڵەم دراوە و بەپێی یاسا سزای توندی بۆ دانراوە (الطالبی، ٢٠١٠: ٩٠).

لە یاسای ئاشوری و لە ژیانی کۆمەڵایەتی خێزان وەك یەکەی پێکهێنەری کۆمەڵگا، باڵاپۆشی یاخود سەرپۆش بایەخی زۆری پێدراوە بەشێوەیەک کە لە دەرەوەی ماڵەوە، سەرپۆش نیشانەی سەرەکی ژنی پاکیزەی هاوسەردار و وابەستە بە پاراستنی شکۆی خێزان بوە، تەنانەت بەپیی یاسای (ئاشوری ناوەڕاست، م. ٤٠) ژنی سۆزانی و کەنیزە مافی ئەوەیان نەبو کە پەیوەست بن بەم ئاکارە ولە ئەگەری پێچەوانەدا ژنی سۆزانی بە پەنجا دارکاری و ڕشتنی قیری تواوە بەسەریدا سزا دەدرا، سزای کەنیزەش بڕینی گوێی بوە (Driver, Miles, and Meek, 1975: 11).

ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ژن دەبوایە لەچوار چێوەی خێزاندا ڕابهێنرێت، کە بۆ تێکنەدانی ئاکار و ڕەوشی پێکەوەژیانی ئاشتیانە، لەنەریتی باوی کۆمەڵگا دەرنەچێت و پارێزگاری لێ بکات.

هاوکات بۆ جیاکاری و ناسینەوە، دەکرێ ئەم ئاکارە خێزانییە بۆ پاراستنی شکۆ و مافی ژنی هاوسەردار پاراستنی پێگەی خێزان بو بێت، بەوەی کە لە دەرەوەی ماڵەکەیدا هیچ پیاوێک مافی ئەوەی نەبێت، کە چاوی تێ ببڕی و دەستدرێژی بکاتە سەری، بەڵام هەرچەندە ئەم مادده یاساییە (ئاشوری ناوەڕاست، م. ٤٠)، جۆرێکە لە پێشێلکردنی مافی ژنانی سۆزانی وکەنیزەکان بێتە بەرچاو ، بەتایبەت کە ژن لە هەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیدا بێت، پێویستە لە مافی هەڵبژاردنی شێوەی جل وبەرگدا ئازاد بێت، نەک لە ئەگەری ئەوەی کە پابەندبو بەم ئاکارە سزای توندی بۆ دابنرێ،

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمە نەریتی کۆمەڵگای ئاشوری بوە، دەشێ پارستنیشی زامنی مانەوەی پێگە وشکۆمەندی خێزان بوبێت لەچاوی کۆمەڵگادا، بۆیە له یاسادا ڕەنگیداوەتەوە.

بەپێی یاسای تایبەت بە خێزان، ئەو دایک و باوکەی کە منداڵێکیان هەڵگرتۆتەوە، مافی ئەوەیان هەبو کە منداڵەکە بەتەواوی گوێڕایەڵیان بکات، و لە ئەگەری لاساریکردن یاخود هەڵاتنی منداڵە هەڵگیراوەکە، کە وەك پێشێلکردنی مافی بەیەکەوە مانەوەی خێزان سەیردەکرا، بەپێی یاسا (حامورابی م. ١٩٢. ١٩٣) و بەپێی جۆری سەرپێچییەکە، سزای توندی وەک؛ بڕینی زمان، یاخود دەرهێنانی چاوێکی بۆ دیاریکرابو (Paulissian, 1999: 30- 31).

بەپێی یاسای (حامورابی م. ١٣٦) ئەگەر پیاوێک ڕقی لە شار و وڵاتەکەی خۆی بو، و بەو هۆیەوە چۆڵی کرد و هەڵات بۆ شار و ناوچەیەکی تر، ئەوا ژنەکەی بۆی هەیە مێرد بکات و بچێتە ماڵێکی ترەوە، و بە گەڕانەوەی مێردە هەڵهاتوەکەشی، ئەوا بۆی هەیە لای مێردە تازەکەی بمێنێتەوە (Harper, 1904: 47), ئەم مادده یاسایە پیاو پەیوەست دەکات بەوەی کە بەردەوام وەک چەتری ئارامی وابێت بەسەر خێزانەوەو بە هیچ پاساویک نابێت بەرپرسیاریەتی خێزان فەرامۆش بکات، یاخود بۆ ماوەیەکی زۆر لە خێزانەکەی دور بکەوێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگای بابلی وئاشوریدا، مافی تاکەکانی خێزان بەپێی یاسا دەستەبەر کراون، ئەمەش بۆ پاراستنی چەتری ئارامی ومانەوەو بەردەوامی خێزان زۆر گرنگ پڕبایەخ بوە.

### ٢.٢.٢ مافی کۆمەڵ

لە یاسای بابلی و ئاشوریدا، کۆمەڵگا بەسەر سێ چینی جیاواز دابەشکراوە، چینی باڵای دەست ڕۆیشتو (ئازادەکان)[xxvi]کە لە نێو کۆمەڵگا و بەپێی یاسا، خاوەن دەسەڵات و مافی تەواو بون (ولی، ١٩٤٧: ٥٤؛ ساغز، ٢٠١١: ١٨٨). چینی کۆیلە، ئەم چینە – کەپێشتر ئاماژە بەمافەکانی درا- زۆرترین ئەرک و کەمترین مافیان هەبو، بۆ نمونە؛ بێ بەش بون لە مافی خاوەندارییەتی زەوی و زار، ولە هەرکاتێک بوایە دەفرۆشران، و بەپێی یاسا تەواو پەیوەست کرابون بە خاوەن و گەورەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافەکانیان بەپێی یاسا ڕێکخرابون.[xxvii]

لە نێوان هەردو چینەکەش، چینی گشتی (ناوەڕاست)[xxviii]هەبو، زۆربەی ئەندامانی ئەم چینە لە هەژار و کرێکارەکان بونە، و بەشێکیشیان لە بوارە جیاجیاکاندا خاوەن کار و پیشە و هونەری تایبەت بەخۆیان بونە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەندامانی ئەم چینە ئەرک و کاروباری ژیانیان سەخت بوە،[xxix]بەڵام هاوکات خاوەن کۆمەڵێک ماف بون بۆ نمونە؛ دەیانتوانی خاوەندارییەتی کێڵگە، زەوی و زار، وشتەکانی تر بکەن، ئەمانەش بە پشتاوپشت بۆ نەوەکانیان دەگوازرایەوە (ساغز، ٢٠١١: ١٨٨. ١٨٩;Somervill, 2010 :86-87 ).

یەکێک لە مافە گرنگەکانی کۆمەڵ، جێبەجێکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە، کە ئامانجی سەرەکی لە چەسپاندنی یاساکان، بەرگریکردن لەمافی بێ دەسەڵات، لە ستەمی زۆردارەکان بوە (الحمدانی، ١٩٨٨: ٣٥)، هەروەک لە پێشەکی یاساکەیدا حامۆرابی بانگەشەی بۆ کردوە و ناوی کۆمەلیک خواوەندی هێناوە،[xxx]بەتایبەتی خواوەند (شمش) کە لە وڵاتی بابل، هێمای ڕاستی و دادوەری بوە، و بە پاڵپشتی خواوەندان، حامۆرابی خۆی بە پارێزەر و چەسپاندنی یاسا دادوەرییەکان ناو دەبات (سلیمان، ١٩٧٧: ٢٢٣؛ عذاب، ٢٠١٠: ١١).

بە ئامانجی جێبەجێکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، سزای توند بۆ دادوەران لە بارودۆخی لایەنگری یاخود لە ئەگەری گۆڕێنی بڕیاری دادگا دانراوە، بۆ نمونە بەپێی یاسای (حامۆرابی، م. ٥) سزای دوانزە ئەوەندەی بەسەر دادوەرێک سەپاندوە، کە هەوڵیدابێت دۆسیەیەک بگۆڕێ، هاوکات دادوەرەکە لە ئەنجومەنی دادوەریدا دەردەکرێ و جارێکیتر مافی بەشداریکردنی لە دۆسیەی سکاڵاکاندا نابێت (Harper, 1904: 11- 13).

هاوکات ناوهێنانی چەندین خواوەند لە پێشەکی یاسای حامۆرابیدا، نیشانە و بەڵگەی سەربەستی هەڵبژاردنی بیروباوەڕ و مافی پەرستن و پێکەوەژیانی ئاینی تاکەکانی کۆمەڵگای بابلی بوە، کە ڕەنگدانەوەی لەیاساکەدا هەبوە. دانیشتوانی عێراقی کۆن پێیانوابو کە لەبەرئەوەی لە یاساکانیدا حامۆرابی ملکەچی بۆ خواوەندەکان دەربڕیوە و بەپیرۆز سەیریکردون، وایانداناوە کە لەلایەن ئەوانەوە پێشکەشی کراون، هەروەها ناوبراو خزمەتێکی زۆری بواری ئاین وپەرستگاکانی کردوە (رضا و محمود، ٢٠٢٢: ٨٦).

تاکەکانی کۆمەڵگای بابلی و ئاشوری، هەردو ڕەگەز (کچ و کور) مافی خوێندنیان هەبو، لە میانەی پرۆسەی خوێندن، قوتابی فێری نوسینی چەندین چەمک و دەستەواژەی یاسایی دەکران، و لە قۆناغەکانی دواتر بابەتە یاساییەکان دەخوێندران، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانن لە نوسینی گرێبەستە یاساییەکاندا بەشداری بکەن و تۆماریان بکەن (الخالفی، ٢٠١٦: ١١٠، ١٤٧؛ اسماعیل، ٢٠٠٩: ٨٦).

جێگای سەرنجە کە لە نێو یاسا تۆمارکراوەکاندا، جگە لە چەند ئاماژەیەک،[xxxi]هیچ دەقێکی ئەوتۆ نییە کە باس لە بواری خویندن و فێربون بکات (الخالفی، ٢٠١٦: ١٥٨)، بۆ ئەمەش توێژەر الحسینی (١٩٦٥: ١٥٢-١٥٣)، بۆچونی وایە لەگەڵ ئەوەی کە لە دەرەوەی پەرستگا، مامۆستای تایبەتیش بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەبوە، بەڵام هاوکات خوێندنی فەرمی لە پەرستگاکاندا ئەنجام دەدرا، و بە لەبەرچاوگرتنی پیرۆزی ئەم دامەزراوەیە (پەرستگا)، یاسادانەر نەیخستۆتە ناو سیستەمی یاسایی خۆیەوە.

دابینکردنی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵ یەکێکە لە گرنگترین مافەکان، بۆ ئەم مەبەستەش یاسای بابلی و ئاشوری جەختی لە دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵگا و پاراستنی تەندروستی جەستەیی و گیانی تاکەکانی کردۆتەوە، بۆ ئەمەش سزای توندی جۆراوجۆری وەک (کوشتن بە؛ خنکاندن، سوتاندن، پیاکێشان بەچەقۆ و شمشێر)،[xxxii]و (بڕینی یەکێک لە ئەندامانی جەستە) بەپێی جۆری تاوان بۆ تاوانباران دیاریکردوە، هاوکات جگە لە بنەمای سزا بەرامبەر هەمان جۆری تاوان، کە پێویستیەکی سەردەم بوە و لە یاساکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بنەمای قەرەبوی ماددیش لە یاساکاندا هاتوە (پۆستگەیت، ٢٠١٤: ٨٣، ٩١)، دانانی سزای توند بۆ تاوانباران، هۆکارێک بوە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان و فەراهەمکردنی ئاسایشی کۆمەڵگای بابلی و ئاشوری.

جادوگەری و فاڵگرتنەوە، بەتایبەتی جادوی ڕەش کاریگەری نەرێنی و خراپی لەسەر ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگادا هەبوە (العلوجی، ٢٠١٣: ٩٦-٩٧)، و بەپێی یاسا سزای توند بۆ ئەنجامدەرانی دیاریکراوە، بۆ نمونە بەپێی یاسای (ئاشوری ناوەڕاست م. ٤٧) دوای هەبونی بەڵگەی پێویست، ئەوا جادوگەر سزای کوشتنی لەسەر بو (Driver, Miles, and Meek,1975: 14)، تەنانەت بەپێی یاسای (حامۆرابی م.٢) ئەگەر هاتو کەسێک تۆمەتی جادو بداتە پاڵ کەسێکی تر و نەتوانێت بیسەلمێنێت، ئەوا کەسی سکاڵاکار دەکوژرێ (Meek, 1969 c: 166).

مافێکی تری کۆمەڵ، بریتییە لە پاراستنی ئاسایش وئارامی وڵات، لە لەشکرکێشی و هێرشی داگیرکەران، بۆ ئەم مەبەستەش یاسای بابلی و ئاشوری سزای توندیان بۆ ئەو کەسانە دیاریکردوە کە خۆیان لە خزمەتی سەربازیدا دەدزنەوە، بۆ نمونە بەپێی یاسای (حامۆرابی م. ٢٦) هەرکەسێک ڕەتی کردەوە کە بچێتە ڕیزی سوپا و خزمەتی وڵات، و لە جیاتی خۆی کەسێکی تری بەکرێ گرت، ئەوا کەسەکە دەکوژرێ، و هەمو سامانەکەی بەکەسی بەکرێگیراو دەبەخشرێ (Roth, 1995: 85- 86).

بە شێوەیەکی گشتی لە یاساکانی بابلی و ئاشوری، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان بایەخ وگرنگیەکی تایبەتیان پێدراوە، و بەپێی چینە کۆمەڵایەتییەکان مافی تاکەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی یاسادا پارێزراو بوە.

**ئەنجامەکان:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- یاساکانی بابلی و ئاشوری لە دوای یاسا وچاکسازییە سومەرییەکان وەک یەکێک لە کۆنترین و گرنگترین یاساکانی مێژوی مرۆڤایەتی بایەخی تایبەتییان بە خێزان و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان داوە، هاوکات مافی تاکەکانی خێزان لە چوارچێوەی یاساکاندا گرنگی پێدراوە.

٢- لە کۆمەڵگای بابلی و ئاشوریدا لە هەندێ بارودۆخی تایبەتی وەک؛ نەزۆکی و نەبونی توانای جێبەجێکردنی ئەرکی هاوسەری، پیاو ژنیتری دەهێنا، بەڵام لەم بارودۆخەشدا ژنی یەکەم ماف و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی هەروەک جاران دەمایەوە.

٣- بەپێی یاسا، دەکرا کەنیزە و دۆست ببنە خێزانی یاسایی پلە دوی خاوەنەکەی، هەروەها هاوسەرگیری لە نێوان تاکەکانی چینی (ئازاد و کۆیلە) ئاسایی بوە، و بەپێی یاسا منداڵەکانیان ئازاد دەبن و نابنە کۆیلەی کەس، و نابێت خاوەنی کۆیلە بانگەشەی خاوەندارییەتیان بکات، ئەمەش جۆرێکە لە گەشەسەندنی مافی سەربەستی کۆیلە.

٤- لە ئەگەرەکانی؛ جیابونەوە، ونبون یاخود بەدیلگیرانی مێرد، ژن دەیتوانی دوای ماوەیەک، بەتایبەتی دوای نەمانی خۆراک، شوبکاتەوە و لە چوارچێوەی یاسادا مافەکانی پارێزراو بون.

٥- بەپێی یاساکانی بابلی وئاشوری، تاکەکانی کۆمەڵگا لە بەرامبەر یاسادا یەکسان نەبون، بەڵکو بەپێی چینە کۆمەڵایەتییەکان هەریەکەو مافەکانی لە چوارچێوەی یاسادا پارێزراو بون.

**سەرچاوەکان:**


جەلال، کامەران (2007) *مێژوی کۆنی کەرکوک لەبەر ڕۆشنایی دەقەکانی نوزی دا*. چاپی یەکەم، هەولێر, چاپخانەی خانی.

رضا، حلمی رسول و محمود، حسن قادر (٢٠٢٢) ئاین وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ نوسینەوە و چەسپاندنی یاساکان لە عێراق کۆن. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ٢(٩)، ٨٢-١٠٦.

عبدالمنعم، أحمد ربیع (٢٠١٧) نابوخەزنەسەر و مەملەکەتی بابل - دۆخی ڕامیاری و ئایین و نەتەوە کۆنەکانی عیراق. و: گەرمیان محمد، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

العلوجی، عبدالکریم (٢٠١٣) حامورابی یەکخەرەوەی نیشتیمانی دو روبار. و: گەرمیان محمد، سلێمانی، کتێبخانەی یادگار.

ابراهیم، ابتهال و محمود، محمد (٢٠١١) الاسرى والقانون فى العراق القديم دراسة تاريخية. مجلة التربية والعلم، ١٨ (٢)، ١٤٧-١٧٣.

اسماعیل. شاكر (٢٠٠٨) تطور علاقات الترابط الاجتماعي في المجتمع العراقي القديم. مجلة ديالى، جامعة ديالى (٣٠)، ١٩٨-٢١٩.

باقر، طه (١٩٥٥) مقدمة فى تاريخ الحضارات القديم- تاريخ العراق القديم، بغداد، الطبعة الثانية.

........... (١٩٧٦) الشرائع والتنظيمات القانونية فى وادى الرافدين، مجلة المجمع العلمى العراقى (٢٧)، ١٠٤-١٢٩.

الباوی، حسين (٢٠٢٠) الحقوق الاجتماعية والتربوية للطفل في العراق القديم في ضوء النصوص المسمارية. مجلة جامعة الانبار للعلوم الانسانيه، ١٧ (٢)، ١٠١٢-١٠٤١.

البكرى، عبدالباقى، و البشير، زهير (٢٠٢١) المدخل لدراسة القانون، السليمانية، مكتبة يادگار.

بحرون، نادية و اوانغ، عبدالبارى (٢٠٢٢) الحماية الجنائية للطفل فى التشريعات القديمة و القوانين الدولية و مصادرها، (ARJIHS)، مجلة الرسالة، ٦ (٢)، ٣١١-٣٤٧.

بيهم، محمد جميل (١٩٢١) المرأة فى التاريخ والشرائع. بيروت، الطبعة الأولى، مكتبة فلسطين.

جليل، غيث حبيب (٢٠١١) العبيد فى المجتمع العراقى القديم فى ضوء القوانين العراقية القديمة – دراسة لإحواله الإقتصادية و الإجتماعية، مجلة الآداب الفراهيدى، (٦) ٣، ٢٤٢-٢٦٨.

جعفر، محمد (٢٠٠٢) نشأة القوانين وتطورها. بيروت، مؤسسة الجامعية للدراسات والنشر.
الحافظ، هاشم، و النداوى، آدم (١٩٨٩) تاريخ القانون. بغداد، مطبعة الجامعة بغداد.
الحمدانى، شعيب أحمد (١٩٨٨) قانون حامورابى. جامعة بغداد، بيت الحكمة.
خالفى، جميلة (٢٠١٦) التعليم والمدارس التعليمية فى بلاد الرافدين. اطروحة دكتوراه المنشورة، جامعة الجزائر، كلية العلوم الإنسانية.
الخفاجى، مصطفى كريم (٢٠١٣) تاريخ القانون فى المجتمعات القديمة ـ قانون حمورابى أنموذجا. مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٣ (٢)، ٢٨١ـ ٢٩٩.
الدوسكى، هيڤى سعيد عيسى (٢٠١٩) الأزمات الإقتصادية فى العراق القديم حدود ٢٨٠٠ـ ٥٣٩ ق. م. دمشق، ديموزى للنشر.
دياكونوف، ى. م (٢٠١٤) دور المرأة فى المجتمع البابلى: دراسات فى حضارة بلاد الرافدين. تر: حسيب الياس حديد، الطبعة الأولى، بيروت، دار الكتب العلمية.
ديلاپورت، ل. (١٩٩٧) بلاد مابين النهرين الحضارتان البابلية والآشورية. تر: محرم كمال، الهيئة العامة المصرية للكتاب.
رشيد، فوزى (١٩٧٣) الشرائع العراقية القديمة. بغداد، مكتبة المهتدى.
الرويح، صالح حسين (١٩٧٦) العبيد فى العراق القديم. بغداد، المطبعة افسيت الميناء.
زودن، ف. فون (٢٠٠٣) مدخل إلى حضارات الشرق القديم. تر: فاروق اسماعيل، دمشق، دار المدى.
ساسون، م، جاک (٢٠١٤) قانون العائلة ـ السلطة الأبوية: دراسات فى حضارة بلاد الرافدين. تر: حسيب الياس حديد، ألطبعة الأولى، بيروت، دار الكتب العلمية.
ساكز، هارى (١٩٧٩) عظمة بابل. تر: عامر سليمان، موصل، دار الكتب للطباعة والنشر.
...... (٢٠١١) عظمة آشور. تر: خالد اسعد و احمد غسان، دمشق، دار رسلان.
سبيلا، محمد و عبدالعالى، عبدالسلام (٢٠٠٤) حقوق الإنسان ـ الاصول والأسس الفلسفية. بلفدير، توبقال للنشر.
ستروڤ ف. ف (١٩٨٦) مسألة تكوين مجتمعات الرق و تطورها و إنحلالها فى الشرق القديم: العراق القديم دراسة لإحواله الإقتصادية و الإجتماعية. و: سليم طه التكريتى، ألطبعة الثانية، بغداد، دار الشؤن الثقافية.
سليم، احمد امين (١٩٨٩) دراسات فى تاريخ الشرق الادنى القديم ـ مصر ـ العراق ـ ايران. بيروت، دارالنهضة للنشر.
....... (٢٠١١) حضارة العراق القديم: دراسات تاريخ و حضارة مصر و الشرق الأدنى القديم. الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية.
سليمان، عامر (١٩٧٧) القانون فى العراق القديم دراسة تاريخية قانونية مقارنة. بغداد، دار الكتب.
صالح، عبدالعزيز (٢٠١٢) الشرق الأدنى القديم مصر و العراق. الجزء الاول، مكتبة الانجلو.
الطالبى، احلام (٢٠١٠) جرائم النساء وجرائم ضد النساء و أحكامها في القوانين الآشورية. دراسات الموصلية 28،.
عامر، عبدالطيف (٢٠٠٨) التبنى بين التاريخ والشرائع. القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
عبدالكريم، قصى منصور (٢٠١٦) علامة العبودية والعملية الجراحية لإزالتها فى العراق القديم ـ دراسة فى ضوء الكتابات المسمارية القانونية. بغداد، مطبعة الجامعة بغداد.
عقراوى، ثلماستيان (١٩٧٨) المرأة دورها و مكانتها في حضارة وادى الرافدين، بغداد، دار الثقافية العامة.
على، فاضل، و سليمان، عامر (١٩٧٩) عادات و تقاليد الشعوب القديمة. كلية الآداب، جامعة بغداد.
عيسى، جليل (٢٠٠٢) نظام الإرث فى العصر البابلى القديم. رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة الموصل.
فينكلشتاين و آخرون (١٩٩٣) وثائق من تطبيق القانون: شريعة حمورابى واصل التشريع فى الشرق القديم، تر: اسامة سراس، الطبعة الثانية، دمشق، دار علاء الدين.
قاشا، سهيل (١٩٨٤) المرأة فى الشريعة حمورابى. الطبعة الأولى، موصل، مكتبة بسام.
كيالى، ميادة (٢٠١٦) مكانة المرأة في بلاد وادي الرافدين وعصور ما قبل التاريخ. الرباط، منشورات مؤمنون.
مبارک، سعيد عبدالكريم (٢٠١٧ ) *أصول القانون*. جامعة بغداد.
محمد، محسن (٢٠١٦) الثقافة القانونية و دورها فى المجتمع. مجلة جامعة تكريت للحقوق، ١ (٢)، ٥٣٢ـ ٥٦٧.

مريم، طالبی و جميلة، بوعكاز (٢٠١٨) دور المرأة في الحضارات القديمة و أدوات الزينة. رسالة الماجستير، جامعة قالمة، كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية.
الناهي، صلاح الدين (١٩٤٩) تعليقات على قوانين العراق قبيل ظهور شريعة حمورابی. مجلة السومر، (١)، ٣٧ـ ٤٨.
نيميت، كارين ريحا (٢٠١٤) الحياة العائلية فی العراق القديم: دراسات فی حضارة بلاد الرافدين. تر: حسيب الياس حديد، ألطبعة الأولى، بيروت، دار الكتب العلمية.
الهاشمی، رضا (١٩٨٥) القانون و الأحوال الشخصية. حضارة العراق (٢)، ٦٣ـ١٠٧.
ولی، ليونارد (١٩٤٧) وادی الرافدين مهد الحضارة، تر: احمدعبدالباق، بغداد، مكتبة المثنى.
Abulwahab, Saad, (2017) The Law Code of Hammurabi: Transliterated from its Early Classical Arabic Language, New York, published John Jay College of Criminal Justice.
Ahmed, k (2012) The Beginnings of Ancient Kurdistan(c. 2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis, University Leiden.
Bradley, C. P. (2003) Women in Hebrew and Ancient Near Eastern Law. Studia Antiqua, 3(1), 4- 6.
Chiera, E. (1966) They Wrote on Clay- the Babylonian Tablets Speak Today, Chicago.
Driver, G. R., and Miles. J. C (1960) The Babylonian Laws, Oxford University Press.
Driver, G. R., Miles. J. C, and Meek, J. T (1975) Middle Assyrian LawCode, Tablet A:
*Ancient Near Eastern texts: Relating to the Old Testament*, Princeton University Press. Dalley. S. and Postage. J. (1984) The tablets from Fort Shalmaneser (texts from Nimrud 3) Oxford, British Institute for the study of Iraq, vol. 3.
Gadd, C, J (2008) The Cities of Babylonia: CAH, vol. 1, part. 2.
Gelb, I. J(1944) Hurrians and Subarians: SAOC, No. 22, Chicago.
Grayson, A. K (2008) Assyrian Civilization: CAH, vol. 3, part. 2.
Harper. R. F (1904) The Code of Hammurabi King of Babylon about 2250 B.C, Chicago, Callaghan, The University of Chicago Press.
Jastrow, M(1915) The Civilization of Babylonia and Assyria: Philadelphia, The Washington Square Press.
Johns, C. H. W (2009) Babylonian and Assyrian Laws, Contracts and Letters, London, Published by Queens College, Cambridge.
Kirschbaum. E. C (2003) Die Assyrer. Geschichte, Gesellschaft, Kultur, Verlag C.H. Beck OHG, München.
Kramer. S, N (1969) Lipit-Ishtar Law code: ANET, Third Edition, New Jersey, Princeton University press.
Lambert, W (1996). Babylonian wisdom literature, Indiana, Reprinted by Eisenbrauns.
Lafont, Sophie. D (2005) Inheritance Law of and through Women in the Middle Assyrian Period: Women and Property- Center for Hellenic Studies, Harvard University.
Meek, J. T (1969 a) The Neo-Babylonian Laws: ANET, Third Edition, New Jersey, Princeton University press.
............ (1969 b) The Middle Assyrian Laws: ANET, Third Edition, New Jersey, Princeton University press.
............ (1969 c) The Code of Hammurabi: ANET, New Jersey, Princeton University press. Nagarajan, K, V (2011) The Code of Hammurabi/ An Economic Interpretation: International Journal of Social Science Vol. 2, No. 8, Laurentian University, Sudbury.
Oppenheim, L (1995) Siege-Documents from Nippur, Iraq, Vol. 17., Cambridge University Press.

........... (1977) Ancient Mesopotamia: Portrait of a Dead Civilization, The University of Chicago press.
Parpola, and others, (2007) Assyrian – English , Dictionary: University of Helsinki.
Paulissian, R (1999) Adoption in ancient Assyria and Babylonia. Journal of Assyrian Academic Studies, 13 (2), 5-34.
Peinado, L, Federico, y, and Gonzalez, F, Lara (1994) Los primeros codigos de la humanidad, Madrid.
Postgate, N (1994) Early Mesopotamia: Society and Economy at the Dawn of History, New York.
Radner, K (2003) Mesopotamia: Neo-Assyrian Period. In A History of Ancient Near Eastern Law (2 vols) (pp. 883-910). Brill.
Roth, T(1995) Laws of Hammurabi, ca. 1750 B.C.E, Babylon: WASBL, Law Collections from Mesopotamia and Asia Minor, v.6, Atlanta.
Reid, N (2017) The Children of slaves in early Mesopotamian laws and edicts: Revue D'assyriologie et D'archéologie orientale, V. 111.
Schramer, L (2010) Empires of Ancient Mesopotamia: Great Empires of the Past, Copyright, Barbara A. Somervill, New York.
Somervill, A (2010) Empires of Ancient Mesopotamia: Great Empires of the Past, Chelsea House An imprint of Infobase Publishing, New York.
Seri, A (2010) Domestic female slaves during the old babylonaian period – Slaves and Households in the Near East: OIUCH, Chicago.
Steele, L. D (2010) Women and gender in Babylonia: The Babylonian World, published in the Taylor & Francis e-Library, London.
Veenhof, K. R (2007) Mesopotamia – Old Assyrian period: OBO, Vol. 2, Zurich: Orbis biblicus et orientalis.
https://www.bbc.com/arabic/specials/1137_arabic_mesopot
https://mail.almerja.com/azaat/indexv.php?id=2489
https://mail.almerja.com/reading.php?idm=175546

## پەراوێزەکان:

i ناونان و واژەی یاسا لای سومەرییەکان بە (دی di) و لە (زمانی ئەکەدی) بە شێوازی (دینو dinu) و لە زمانی بابلییشدا بە (دینات dināt) بە واتاکانی (کاروباری یاسایی و بڕیاری دادوەری) هاتوە (زودن، ٢٠٠٣: ١٤٩)، و لە پێشەکی یاسای حامورابی بەشێوەی dināt (mišarīm ša hammurabi ukinma) بە واتای (یاسا دادپەروەرییەکان ئەوانەی کە حامورابی دەیچەسپێنێت) هاتوە (عبدالکریم، ٢٠١٦: ٦٥٥).

ii کۆنترین یاساکانی میسری کە بەتەواوی بەدەست گەیشتون بریتین لە چاکسازیەکانی پاشا (حورمحب Horemheb ١٣٠٨-١٣٣٥ پ. ز)، و یاسای (بوخوریس Bocchoris ٧١٨-٧١٢ پ. ز)، بۆ زانیاری لەسەر یاسای میسری کۆن بڕوانە (صالح، ٢٠١٢: ٢٩٩، ٤٢٠؛ الحافظ، و النداوی ١٩٨٩: ٤٥-٤٦).

iii بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی بابەتەکەمان دور نەکەوینەوە، زیاتر جەخت لەسەر (یاسا نوسراوەکان) دەکەینەوە، بۆ زانیاری لەسەر مێژوی هەردو شێوازی یەکەم و دوەم (سروش/ فەرمانی خودایی و نەریت) بڕوانە (الحافظ و النداوی، ١٩٨٩: ٤٢-٤٦، ١٧٤؛ جعفر، ٢٠٠٢: ٢١).

iv ئورکاجینا پاشایەکی دەوڵەتەشاری (لەگش Lagash)ی سۆمەری بو، چاکسازییەکانی ناوبراو لایەنی کۆمەڵایەتیشی لەخۆگرتبو، بۆ نمونە: ناوبراو بەرپرسیارییەتی خۆی لە بەرامبەر پاراستنی مافی (بێوەژن و هەتیوان) و پارێزگاریکردن لە هەژاران ڕاگەیاند (Gadd, 2008:141, 142)، هەروەها بڕیاری قەدەغەی شوکردنی ئافرەتێکی بەدو پیاو لەیەک کاتدا دەرکرد و سزاکەشی بە بەردبارانکرن (الرجم)ی بۆ ئافرەتەکە دیاریکرد (باقر (١٩٧٦: ١١٥؛ سليمان، 1979: ١٩٥).

v لەنێو یاسا ناوبراوەکاندا، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان بایەخی تایبەتیان پێدراوە، بۆ زانیاری لەسەر ناوەڕۆکی ماددە یاساکانی پەیوەست بەم لایەنە بڕوانە (Kramer, 1969: 160- 162; Goetze, 1969: 163; Roth, 1995: 17- 18)

vi وڵاتی بابل Babylonia: ناوچەیەکی دەشتایی بەپیت و دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو، سنورەکەی لە نێوان هەردو ڕوباری (دیجلە و فورات) لە باشوری ولاتی دو ڕوبار هەتا سەر دەریا (کەنداوی عەرەبی) کشاوە، کە چەندین شار و ئاوایی لەخۆی گرتبو، بەشێک لە ڕێگا سەرەکییەکانی بازرگانی دەکەوتنە ئەو وڵاتە ئەمەش گرنگی و پێگەی لە لایەنی ئابوری زیاتر کرد بو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Langdon, 1928: 365, 360).

vii وڵاتی ئاشور Assyria: وەک سێگۆشەیەک دەردەکەوێت لە نێوان ڕوباری دیجلە و زێی سەرو و زێی خوارو، لە باکور و ڕۆژهەڵاتیدا ناوچەی چیایی بەرز وسەخت، و لە نێوانیاندا دەشتی بەپیت هەیە، ناسراوترین شار و پایتەختی ئاشورییەکان (نەینەوا) دەکەوێتە ئەو سێگۆشەیە، لەسەر کەناری ڕۆژهەلاتی دیجلە، ناوی ئاشورییەکانیش بۆ خواوەندی نەتەوەییان (ئاشور) دەگەڕێتەوە، هەروەها کۆنترین شاریان هەر بەم ناوە ناونراوە، کە لە ئێستادا پاشماوەکانی دەکەونە قەڵای (الشرقاط) (باقر، ١٩٥٥: ١٦٢-١٦٣).

- بۆ زانیاری زیاتری لەسەر شوێنی جوگرافی وڵاتی (بابل و ئاشور)، بڕوانە پاشکۆی (ژ. ١).

viii شایانی باسە کە چەند ماددەیەکی تری یاسایی، لە ناو (فەرهەنگی زمانەوانی گەلانی کۆن) لە زنجیرەیەکی ناسراو بە ناوی (ana ittishu)هاتوە، کە مێژوی تۆمارکردنیان بۆ سەردەمی بابلی کۆن (١٨٩٤-١٥٩٥ پ. ز) دەگەڕێتەوە، وهاوسەردەمی هیچ یەک لە یاساکانی (سومەری، ئێشنونا وحامورابی) نین، و بەگشتی ژمارەیان دوانزە ماددەیە، هەریەک لە ماددەکانی (١-٦) تایبەتن بەلایەنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان تاکەکانی خێزان و دیاریکردنی ماف و ئەرکیان، و ماددەکانی (٧-١٢) زیاتر تایبەتن بە بابەتی ئابوری (رشید، ١٩٧٣: ١٤٣-١٤٥).

ix حامورابی Hammurabi: شەشەم پاشای بنەماڵەی فەرمانڕەوایی بابلی یەکەم (١٨٩٤-١٥٩٥پ.ز)، کەسایەتیەکی سیاسی، کارگێری، و یاسادانەر بوە، ستونی یاسای حامورابی لە ساڵی (١٩٠١ز) لە لایەن لێژنەیەکی فەرەنسی بە سەرپەرشتی (دی مورگانMorgan) لەنێو پاشماوەکانی شاری (سوسە) پایتەختی ئیلامیەکان ٢٠٠٠- ٦٥٠ پ.ز لە باشوری خۆرئاوای ئێران دۆزراوەتەوە، ستونەکە بە بەرزی (٢/٢٥م) و ڕوبەری (1/90م) لەبەردی دیورانت هەڵکەندراوە، لەئێستادا لە مۆزەخانەی لۆڤەری فەرەنسادا پارێزراوە (دیلاپورت، ١٩٩٧: 95).

. بۆ زانیاری لەسەر سنوری جوگرافی وڵاتی (بابل) لەسەردەمی دەسەڵاتدارییەتی حامورابی، بڕوانە پاشکۆی (ژ. ٢).
. بۆ وینەی ستونی (یاسای حامورابی)، بڕوانە پاشکۆی (ژ. ٣).
x کول تەپە Kul Tepe: پاشماوەی شاری (کانیش)ی کۆنە، لە ئێستادا بەدوری (170 کم) دەکەوێتە باشوری ئەنکەرە، دوای کنەکاری شوێنەوارناسانی (تورکی- چیکی) چەندین پاشماوەی شوێنەواری وەک (خانو، مۆر، بەڵگەنامە و گرێبەستی بازرگانی) تیایدا دۆزراونەتەوە (Laessoe: 1963: 25- 26).
xi بۆ وینەی تابلێتەکانی (یاسای ئاشوری ناوەڕاست)، بڕوانە پاشکۆی (ژ. ٤).
xii ئەم بڕەی تیرخاتو لە سەردەمی بابلی یەکەمدا لە نێوان (١. ١٠ شیکڵ) هەندێ جاریش (نیو مەن) زیو بوە، لە هەمو کاتێکدا پێدانی تیرخاتۆ ناچاری نەبوە، (عبدالمنعم، ٢٠١٧: ٦٧؛ العلوجی، ٢٠١٣: ١٥٥).
xiii نمونەی دەقی ماددەکە لە (یاسای حامورابی، م. ١٥٩)، بە زمانی بابلی کۆن، و بە ڕێنوسی لاتینی:
"šum-ma a-wi-lum ša a-na bît be-mi-šu bi-ib-lam u-ša-bi-lu tir- ḫa-tam id-di-nu a-na zinništim ša-ni-tim up-ta-al-li-bis-ma a-na e-mi-šu mârat-ka u-ul a-ḫa-az biḫ-ta-bi a-bi mârtim mi-im-ma š-blu-šum i-tab-ba-al."(Roth, 1995: 111).
xiv هەروەها لە ماددەکانی (٢٧ و ٤٣)ی یاسای ئاشوری ناوەڕاست، ئاماژە بە پێدانی دیاری بە دەستگیران کراوە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوەڕۆکی هەردو مادده یاساییەکە، بڕوانە (Driver, Miles, and Meek, 1975: 7, 12).
xv نمونەی گرێبەستێکی یاسایی لە بواری ئابوری،"ئەندیز- ئینتۆم Andedz - Entum باغێکی خورمای پێشکەش بە پەرستگا کرد."کەواتە ئافرەت مافی سەربەستی لە پێدان و پشکەشکردنی سامانەکەی هەبوە، بۆ نمونەی زیاتر بڕوانە (دیاکونوف، ٢٠١٤: ١٨١- ١٨٤).
xvi نمونەیان وەک؛ (سمیرئەمیس Semiramis خێزانی شەمشی ئەدەدی پێنجەم ٨٢٣. ٨١١ پ.ز، زکوتو Zikuto خێزانی سنحاریب ٧٠٥. ٦٦٨١ پ.ز، ئەدەد کوبی Adad Kobi شازادەیەکی ئاشوری لە وڵاتی بابل، و ... هتد) (مریم و جمیلة، ٢٠١٨: ٥٠. ٥١ ;Kirschbaum, 2003: 106).
xvii لەخۆگرتن (التبنی) بریتیە لە پرۆسەی لەخۆگرتنی کوڕ/کچێکی کەسانی دیکە، بەپێی گرێبەستێک و بەکۆمەڵێک ئامانج، بەتایبەتی مانەوەی گیانی هاوکاری و کۆمەڵایەتی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (عامر، ٢٠٠٨: ١٤، ٤٩).
xviii لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن، و لە قەرەبوی زیان پێگەیاندن، کانزا بەنرخەکان بەتایبەتی زیو و مس لە شێوە و کێشی جیاوازدا وەک پێوەرێک بەها و نرخی (کاڵا، وئەندازەی زیان پێگەیاندن)ی پێی دیاریدەکرا، نمونە و (کێش)ە کانیان بەرامبەر بە کێشی ئێستا وەک (یەک مەن٥٠٠- ٥٠٥ گم، 1 MA. NA/ لە سۆمەری، و لە ئەکەدیش بەشێوەی manu/m)، (یەک شیکل 3، 8 گم، 1 GIN/ لەسۆمەری، لەئەکەدیش بە šiqlu/m) هاتوە (الطائی، 2004: 7, 165- 167; فرج, ١٩٧٢: ٣٣)، لەسەردەمی ئاشوری نوێدا هەردو شێواز بەکارهاتون، بۆ نمونە: لە لیستی تۆمارەکانی سەردەمی (سەنحاریب ٦٠٧. ٦٨١پ.ز)دا هاتوە کە فەرمانی بەلێدانی جۆری نیو شیکل کردوە (محمد، ٢٠١١: ٧٥).
xix بەپێی یاسای (حامورابی، م. ١٤٢)، ئەگەر پیاوێک زۆر دەچوە دەرەوە و گرنگی بەژنەکەی نەدا، و بێ تاوانی ژنەکە سەلمێندرا، ئەوا ژنەکە دەتوانێ مارەییەکەی وەربگرێتەوەو بگەڕێتەوە ماڵی باوکی (Meek, 1969: c 172).
xx بۆ نمونە لە (یاسای حامورابی، م. ٢٧٨)دا هاتوە:
"sum-ma a-wi-lum **wardam** amtam i-sa-anima arbi-su la im-la-ma bi-en-ni e-li-su im-ta-ku-ut a-na na-di-na- ni-su u-ta-ar-ma sa-a-a-ma-nu-u kaspam , is-ku-lu 66 i-li-ki." (Harper, 1904: 94).
xxi بۆ نمونە لە (یاسای ئاشوری ناوەراست، م. ٤)دا هاتوە:

"summa lu **urdu** lu amtu ina qat assat aJïle mimma imtabru sa **urde** u amte appësunu uznësunu unakkusu surqa umallû aJïlu sa uznësa unakkas u summa assassu usser [uz]nëSa la unakkis sa **urde** u amte la unakkusuma surqa la umallû."(Roth, 1995: 156).

xxii سوباری: یەکێک بون لە کۆنترین دانیشتوانی باکورو باکوری خۆرهەڵاتی وڵاتی دو ڕوبار، کە دوای هاتنی کۆچی ئاشورییەکان بۆ ناوچەکە، بەشێک لە سۆبارییەکان بەرەو چیاکانی باکورو باکوری خۆرهەلات چون، بۆ ماوەیەکی درێژ سۆبارییەکان دانیشتوانی بنەڕەتی ناوچەکە بون و کاریگەری شارستانیان بەسەر ئاشورییەکان، بەتایبەتی لە ڕوی ئاینی و ڕۆشنبیری هەرمابو (جەلال، ٢٠٠٣: ٤٤)، وڵاتی'سوبارتو Subartu'کە لە سەردەمانی دواتر (دەوروبەری ٢٢٠٠ پ.ز) سنورێکی فراوانی باکوری وڵاتی دو ڕوباری لەخۆ گرتبو، سەرچاوەیەکی سەرەکی کۆیلە بوە بۆ باشوری وڵاتی دو ڕوبار (Ahmed, 2012: 57- 58).

xxiii پێدانی ئەو مافە کۆمەڵایەتییەی کە کۆیلە دەیتوانی وەک شایەتحاڵ لە دادگاکاندا ئامادە بێت وگوێی لێبگیرێت، و هەبونی سەربەستی ئەنجامدانی مامەڵەی بازرگانی و هاتنی ناوی لە گرێبەستە یاساییەکان، جۆرێکە لە پێشکەوتنی مافەکانی کۆیلە لە کۆمەلگای بابلی و ئاشوری، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Grayson, 2008: 207- 208).

xxiv شایانی باسە زانیارییەکانی زنجیرەی ناوبراو (ana ittishu) بەتایبەتی مادده یاساییەکانی، لە سەردەمی ئاشوری نوێ (٩١١. ٦١٢ پ.ز) لە قوتابخانەکاندا خوێندراون، و دوای دۆزینەوە و شیکردنەوە و خوێندنەوەیان، بۆ یەکەمجار لەلایەن ( Landsberger Materialien zum Sumerichen Lexecon)دا بڵاوکراونەتەوە، بڕوانە (Peinado, and Gonzalez, 1994: 73 – 81).

xxv بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مادده یاساییەکانی تری پەیوەست بەلایەنی کۆمەڵایەتی لە زنجیرەی ناوبراو (ana ittishu)، بڕوانە (Johns, 1904: 45- 46).

xxvi کە لە یاسای بابلی بە (ئەویلوم Awilum)، ولە یاسای ئاشوری بە (ئە ئیلو a ilu وئەمیلو amilu ) ناو هاتوە، و هەریەک لە (خانەدان و نەجیبزادەکان، میرەکان، کاهینەکان، دەوڵەمەندەکان و ... هتد) لەخۆی دەگرت (ولی، ١٩٤٧: ٥٤؛ ساغز، ٢٠١١: ١٨٨).

xxvii بۆ زانیاری لەسەر مافە کۆمەڵایەتییەکانی کۆیلە بڕوانە (بەشی دوەم، تەوەرەی یەکەم، خاڵی چوارەم).

xxviii ئەندامانی چینی ناوەڕاست، لە ناوەڕۆکی یاسای بابلی بە (مەشکینوم Mushinum،)و لە یاسای ئاشوری بە (ئاشورایا aššuraia) ناو هاتون (ساغز، ٢٠١١: 180).

xxix بەهۆی سەپاندنی باجی (ئیلکو ilku) بەسەر جوتیاران، هەندێک خانەوادەی هەژارو جوتیار بۆ کارکردن لەسەر زەوی وزارەکانیان چونەتە پاڵ پیاوانی سەرمایەدار وخانەدان، دواتریش جیاوازی لە نێوان ئەوان و منداڵانی سەرمایەداران نەدەکرا، وتراویشە کە لەوانەیە ئەمە بۆ خۆدزینەوە لە باج بوبێتن، چونکە چینی دەسەڵاتدار خۆیان لە باج لاداوە (Chiera, 1966: 181, 182).

xxx لە پێشەکی یاسای حامۆرابی کۆمەڵێک خواوەندی وەک (مەردوخ، عەشتار، شمس) ناو هاتون (سلیمان، ١٩٧٧: ٢٢٣)، هەروەها خواوەند (ئانو و ئینلیل) خواوەندی ئاسمان وکەش، کە دو خواوەندی گرنگی کۆمەڵەی خواوەندانی سۆمەری بون، ناویان هاتوە، کە لە ولاتی بابلی و ئاشوریدا بە پیرۆز لە قەڵەم دراون (الحمداني، ١٩٨٨: ٢٨).

xxxi لە چەند دەقێکی یاساییدا ئاماژە بە چەمک و بواری فێربون کراوە، بۆ نمونە؛ یاسای (حامۆڕابی، م. ١٨٨) ئاماژە بە مەرجی مانەوەی کوڕێکی هەلگیراوە لای پیشەگەرێک دەکات، کە ئەویش فێربونی پیشەکەیەتی، و لە ماددەی دواتر (م. ١٨٩) هاتوە کە ئەگەر فێری پیشەکەی نەکرد، ئەوا دایک و باوکی مافی گەڕانەوەی کوڕەکەیان هەیە (الخالفي، ٢٠١٦: ١٥٨).


xxxii بۆ نمونەی مادده و برگە یاساییەکانی پەیوەست بە تاوانی گەورە و سەپاندنی سزای توندی ئاماژە بۆکراوە، بڕوانە (پۆستگەیت، ٢٠١٤: ٨٣ ـ ٩١).

## پاشکۆکان:




(پاشکۆی ژ/١ شوێنی جوگرافی وڵاتی بابل و ئاشور)

https://www.bbc.com/arabic/specials/1137_arabic_mesopot




(پاشکۆی ژ/٢ سنوری جوگرافی وڵاتی بابل لەسەردەمی حامورابی)
https://www.bbc.com/arabic/specials/1137_arabic_mesopot



(پاشکۆی ژ/٣ ستونی یاسای حامورابی)

https://mail.almerja.com/azaat/indexv.php?id=2489



(پاشکۆی ژ/٤ تابلێتەکانی یاسای ئاشوری ناوەڕاست)

https://mail.almerja.com/reading.php?idm=175546